به نائومێدی له نوێژی لادا
به بەنگ و بادە خەمی بەبادا
بەشوێن خەیاڵا کەوتە بەنگ کێشی
شاهی له دەست چوو کەوتە دەروێشی
پێ هەڵخزینە وەسوەسەی ئیبلیس
ڕیشی تەماعکار بەقنگی موفلیس

---

(١) لەکاتی خۆیدا کە پیرەمێرد ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی نەکردووە!.
(٢) تەما: تەماع
(٣) لای م.هـ نووسراوە (کۆشکێک) بەڵام لە ئەسڵەکەی پیرەمێرد (قەسرێ) نووسراوە.
(٤) وشەی (ساحێب) بووە بە(خاوەن)!
(٥) وشەی: (فیکری) لای م.هـ بووە بە(بیری).

***

## بەردتاش(١)

١٩٤٢

بەردتاشێک عەشقی خوای کەوتە سەر
خوای خۆش ئەویست و لەڕا بێ خەبەر
بۆ خواپەرستی چوە کێوی (طور)
شاخەکەی تاشی بۆ خۆی کرد بەژوور
وای ئەزانی خوا وەک ئێمە وایە
دەربەستی نان و نوێژ و کەوایە
ئەیوت خوای خۆم بینایی چاوان
ڕۆژێک وەرە لام ببە بەمیوان
دەست و پێت ئەشۆم بەسابوون و ئاو
ناڵچەی پێلاوت ئەخەمە سەرچاو
ئەچم لە لای شوان شیرت بۆ دێنم
عوود و بخووردت بۆ ئەسووتێنم
ماندووی سەر خەوێک بشکێنە لە لام
ئێشکت ئەگرم، مەترسە ئازام



ئەپاڕایەوە و هەروا ئەیناڵان
بە سۆز و گریان جەرگی ئەسووتان
تا ڕۆژێ مووسا چووە کێوی طور
گوێی لە دەنگی بوو، ئەیناڵان لە دوور
چوو پێی وت کابرا: بۆچ تۆ نازانی
خوا بەشەر نییە بێت بەمیوانی
جارێک من وتم خۆتم نیشاندە
فەرمووی، نامبینی، خۆت ئەزیەت مەدە
سەنگ تەراش گریا بەدڵشکاوی
خوا فەرمووی مووسا تۆ ناتەواوی
خۆشەویستی من بۆچ ئەڕەنجێنی
ئەو دڵەی منی تیام ئەیشکێنی
ئەوی بەزبان زکری من ئەکا
هیچە، ئەم بۆ من، وا کێو کون ئەکا

---

(١) پیرەمێرد ئەم چیرۆکەی لە کتێبی (ئیسماعیل نامە)وە وەرگرتوە. کە چیرۆکێکی تیایە بەناوی (سەنگ تەراش)ەوە.

***

## پەند و ئامۆژگاری بۆ بازرگان(١)

پیاوێکی کورد چوو بۆ بەسرا
سبەینان شیری ئەگێڕا
یەکاو یەک ئاوی تێئەکرد
قازانجی زۆری لێ ئەکرد
سەرمایەی بوو بەسەد لیرە
هەستا بێتەوە بۆ ئێرە
سواری پاپۆڕ بوو بۆ بەغدا
شەوێک لەبەر مانگە شەودا
خەریک بوو پارە بژمێرێ
خوا خراپ بۆ خراپ ئەنێرێ

مەیموونی قەپتان پەیدابوو
ئەو کیسەی لیرەکەی تیابوو
فڕانی و بەدارا هەڵگەڕا
کوردە ئارامی لێ بڕا
ڕیشی ڕنییەوە بەگریان
هاواری بردە بەر قەپتان
قەپتان هەر چەند لێی توند ئەبوو
مەیموون بەرەو ژوورتر ئەچوو
تا گەییە تەوقە سەری دار
لیرەیەکی بۆ خستە خوار
یەکێکی هاویشتە ناو ئاو
تا سەد لیرەکەی کرد تەواو
یەکێک بۆ ئاو یەکێک بۆ کورد
ئا بەم پێیە بەشی ئەکرد
کوردە شێت بوو لە تاوانا
هەستا چوو بەگژ قەپتانا
قەپتان هەر وا واقی وڕما
لەم هەرایە سەری سوڕما
بە کوردەی وت: تو خوا بەدبەخت
ئەم پارەیەت لە کوێ دەستکەوت
وتی: شیر فرۆشیم ئەکرد
بە چەند ساڵم گردەوە کرد
وتی: تێگەیشتم چییە
سووچی مەیموونی تیا نییە
نیوەی هی ئاو بوو کەوتە ئاو
تۆش بەشی خۆت وەرگرت تەواو
کاسب خۆشەویستی خوایە
حەرام بۆ کەسب ئاگر و کایە

.................................................

(١) مامۆستا م.هـ دەربارەی ئەم شیعرە لەلاپەڕە ٤٢٤ی دیوانی پیرەمێرددا نووسیویە: ئەم چیرۆکە لە بێگانەوە



وەرگیراوە، کابراش کورد نەبووە. بەڵام پیرەمێرد لە ڕێی ئەم چیرۆکە هۆنراوەوە ئامۆژگاری بازرگانەکانی خۆمانی کردووە کە فڕوفێڵ نەکەن.

***

## مەیموون و دارتاش

«لەعەرەبییەوە وەرگیراوە»

١٩٣٧

پیاوێکی دارتاش مەیموونێکی بوو
بۆ هەموو ئیشێک لەگەڵیا ئەچوو
هۆگری بووبوو لای هەڵوەستابوو
مەیموون شاگرد بوو دارتاش وەستا بوو
کە ئەیوت تەشوێ، زوو بۆی ئەهێنا
شەقەی مشاری بۆ دائەهێنا
ڕۆژێک وەستاکەی داری ئەقلاشت
جار جارە بەپواز لەنگەری ئەداشت
بە تەور دارەکەی ئەقڵیشاندەوە
بە پواز لەیەکی ئەڕەواندەوە
وەختی نیوەڕۆ چوو بوو بۆ سەر ئاو
مەیمون هاتە جێی وەک وەستای تەواو
خۆی قیت کردەوە لە جێی ئەو دانیشت
کلکی خۆی بەشوێن قڵیشدا داهێشت
پوازی دەرهێنا و کلکی پێوەبوو
کەوتە قیژ و هووڕ ئاگری تێ بەربوو
قڵیشی جێی پواز یەکدگیر بووبوو
کلکی مەیموونی تونگ تێ چەسپیبوو
مەیموونی غەشیم بوو بەفاقەوە
ئەینالان بەدەم واقەواقەوە
لە واقەی مەیموون خەڵک گردبوونەوە
چوونە پێشەوە، لێی ورد بوونەوە
کلکی گیرابوو، لە قڵیشی دار
ڕێگەی نەدەبوو کەوتبووە هاوار

وەستا لە تاوا سەراوی نەکرد
هاتەوە پوازی لێدا دەستوبرد
مەیموون ڕزگار بوو بە کولەمەرگی
بەڵام ژانەکەی گەیشتبووە جەرگی
مەیموون چۆن ئەبێت بە وەستای دارتاش
بولبول و قاژو(١) نابن بەیۆڵداش
ناگاتە پایە مەردی ناحساب
نان بۆ نانەوا گۆشتیش بۆ قەساب
قەت ڕێک ناکەون حوشتر و قەزازی
هەورامی و سواری، مەلا و ڕمبازی

(١) لای م.هـ نووسراوە (بولبول و لەقلەق).

***

# شیعرە ئاینییەکانی پیرەمێرد

## دڵێکم ئەوێ(١)

١

١٩٣٧

پەروەردگارا دڵێکم ئەوێ
کە ئاگری هەوا ڕێی تێ نەکەوێ
ئابڕوویەکی بێ زرق و ڕیا
تۆ، تۆ بناسێ و پادشا، گەدا
خوایە خواستی تۆ بە بەها نەیە
دەرکردنیشت بە بەهانەیە!
ئەگەر لێم پرسن، قارتێکم نییە(٢)
نایشزانم مایەی بەندەگیم چییە
ئنجا کەوابێ چۆن ئەگەمە تۆ
کەواتە بەخۆم بڵێم ڕەنجەڕۆ
دیسان من لە تۆ ناهومێد نابم
بەخوام ناسیوی هەر دەبێ چابم



ئەگەر پێم بڵێی مەیکە و پێم بکەی
دەستەڵاتی من چۆن ژوور خۆت ئەخەی(٣)
کردەوەی منت خۆت قەرار داوە
ئیتر ئارەزووی من لە کوێ ماوە
ڕۆحم بەڕەزای تۆوە سروشتە
ئارەزووی نەفسم حۆری بەهەشتە
لیقای تۆ کە خۆی بەڕۆح ئەنوێنێ
ئیتر ئارەزووی نەفسم نامێنێ
لە جەهەنەمدا بەیادی تۆوە
کوڵی بەهەشتت ناکەم بەبۆوە
خەڵک وا دەزانن نور عبادەتە
نازانن دادت بەعینایەتە
زۆرمان بیست عابید بەگومڕا دەرچوو
ساف دڵپەسەندی لای بارەگات بوو

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بلاونەکراوەتەوە.
(٢) قارت: کارت. مەبەستی لەوەیە کە کردەوەی باشی ئەمەندە نییە بچێتە بەهەشت.
(٣) پیرەمێرد ئەم شیعرە ئاینییانەی خۆی ناو ناوە (ناڵەی پیری پیران).

***

## پەروەردگارا تەماشا ئەکەم(١)

٢

١٩٣٧

پەروەردگارا تەماشا ئەکەم
خۆم لە کردەوەی خۆم حاشا ئەکەم
دڵ و زبانێ تۆ داوتە بەمن
بەهەوا و هەوەس لێم بوون بەدوژمن
ئەمەوێ دڵم تەنها تۆی تیا بێ
لە یادی غەیری تۆ تەوەللا بێ

ئەوسا زبانم زیكری تۆ دەكا
ئەتوانم ببمە بەندەی بارەگا
ئەگینە هەروا بمێنمەوە
تۆوی بەدنامی ئەچێنمەوە
چەند خۆشە نەشئەی تۆم لە دڵا بێ
شەقم لە چەند و چوونی هەڵدابێ
ئازادە سەر وەک بەرزەکی بانان
بکەومە سەودای ئارەزووی جانان
تاجی ئەدهەمی بنێمە سەر سەر
فەرمانڕەوا بم لە بەحر و لە بەڕ
یاخو پەروانەی نووری لقات بم
ڕۆحم پەروانە و خۆیشم فیدات بم
زۆر كەس پەروانەن بۆ شەم جەماڵێ
با منیش ببمە سفتەی جەماڵێ

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاونەکراوەتەوە.

***

## ناڵەی پیری پیران

٣

١٩٣٧

پەروەردگارا وا بەرە بەرە(١)
سەودای ناسینی تۆم لەسەر سەرە
دڵم هەمیشە ڕەزای تۆی ئەوێ
گیان لەبەدەنما ساتێ ناسرەوێ
ئەگەر لە خاکم گیایە بڕوێ
بەزبانی حاڵ لە زیکرت ئەدوێ
هەر ماكینەیەک کە گوێی لێ دەگرم
ئاهەنگی زیکری تۆی لێ وەردەگرم



مەستێکم بادەی ئارەقم ناوێ
سارد نابێتەوە، دڵ بەهیچ ئاوێ
چەند خۆشە لەتوێی پەردەی نیهاندا
شەو نوور ئەبینم لە ئاسماندا
عەینی تەجەللا، ئاگری کۆی (طور)ە
ئەم نزیکترە و لە شارەزوورە
کەسێ نزیک بێ بەبەندەگی خۆی
تۆ نزیکتری لە جیسمی خۆی بۆی
خەڵکی بەعەشقی حسنی شێت ئەبن
لیقای تۆ وجود دەردێنێ لەبن
کە وجود نەما جا نۆبەی جانە(٢)
جان جێی تەجەللای جلوەی جانانە
هەرجێ کە قووتی ڕۆحی تیا نەبێ
بێ تام و کامە لایبە با نەبێ

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاونەکراوەتەوە.
(٢) جان: واتە گیان، ڕۆح.

***

## خودای بێ نیاز(١)

٤

١٩٣٧

خودای بێ نیاز بێ خوێش و هامڕاز
بە (دوو) خەڵکی چاک بمکە سەرفراز
یەکێکیان ئەمەی غەرەزم نەبێ
لە ڕاستی هیچ کەس (عوض)م نەبێ
کەس لە کردەوەم، زیان نەبینێ
دڵم ژەنگ نەگرێ بە بوغز و کینێ
هەرچی دەربارەی من بەد ئەندێش بێ
بەتیری قەهری تۆ دڵەی ڕێش بێ

دووەم قەناعەت لە ئاز ئازاد بم
هەر چیم بدەیتێ، بەوە دڵشاد بم
کە بێ نیاز بم لە ئەهلی دنیا
هەر تۆ دەناسم بەتاقی تەنیا
ئەوسا بۆ هیچ کەس نابمە تەشی ڕێس
لە هەموو ماڵێ نابمە کاسەلێس
لە تۆ ناسیندا خوایە زۆر کاسم
هۆشێکم بەرێ تۆی پێ بناسم
هەر تۆ ڕەهبەری لە کاری چاکا
(بەدی)ش خۆم نەیکەم هیچ کەس پێم ناکا
ئەگەر خراپەم بەئەمری تۆ بێ
چۆن ئەبێ جەزام دیسان بەتۆ بێ
حاشا ئیسنادی زوڵم بەتۆ نادەم
نەفسم نایەڵێ لە گوناه لادەم
خوایە مەرتەبەی ڕەزام بدەرێ
لە دەوڵەمەندی و گەدایم گەڕێ
«خوایە ئەم دڵەی کە تۆ داوتمێ
نامەوێ بۆش بێ لە یادت دەمێ
ئەمەوێ گوڵێ لەگەڵم دەربێ
ڕەنگ و بۆی یادی ڕای تۆی لەسەربێ
کردگار فەرمووت بیکە نەتئەهێشت
فەرمووت مەیکە، شەیتانت تێ هێشت»

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## بۆ میعراج(١)

**٥**

**١٩٤٩**

سبەی شەو، شەوی، ئەسرای میعراجە
بەهیچ (نەبی) یەک، نەدرا ئەو تاجە



مەولەوی(٢) فەرمووی بەعلم الیقین
صار رحمةً، علی العالمین
من المسجد الحرام الأنفس
الی المسجد الأقصی المقدس
ئەمە (صریح)ی (نص)ی قورئانە
ئەوی ئینکاری، کرد بێ ئیمانە
شەوە و خەڵوەتی، بەینی یارانە
جێی ڕاز و نیاز، دەردەدارانە
«شەوە و خەڵوەتە، ماڵ بێ ئەغیارە
گشت عالەم نووستوو، دۆست خەبەردارە»(٣)
-نەعتی- عصمتی بخاری- خۆشە
های های لەو عەشق و جۆش و خرۆشە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاونەکراوەتەوە.

(٢، ٣) بەسەرهاتی ئەم زیارەتەی مەولەوی بۆ لای سەید فەتاحی جەباری زۆر بڵاوە و بەچەند شێوەیەک باس کراوە. تەنانەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس لە دیوانی مەولەویدا، زیارەتی مەولەوی و خوێندنەوەی تاکە شیعرەکەی (بێسارانی) بۆ لای (شێخ عەبدولڕەحمان خالصی تاڵەبانی) زانیوە!!

بەڵام ڕاستی کارەسات بەو جۆرەیە کە لە دیوانی(*) (سەید فەتاحی جەباری)دا نووسراوە: مەولەوی دەچێت بۆ لای سەید فەتاحی جەباری لە ناوچەی جەباری، لەوێ پرسیار لە ماڵی سەید فەتاح دەکات، دەڵێن چووەتە دێی تاوێربەرز مەولەوی لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرلەئێوارە و ناوەخت ئەبێ لەوێوە ئەچێت بۆ ئەو دێیە، لەوێش دەڵێن خەڵکی ئاوایی هەموو لە (بەهارە هەوارن)، مەلایش لەگەڵیانە. مەولەوی کاتێ لە چیغ و جێگای سەید فەتاح نزیک دەبێتەوە دەبینێ بەو نیوە شەوە خەریکی خواپەرستییە، بۆیە ئەم شیعرەی بێسارانی دەخوێنێتەوە:

«شەوەن، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئا لەم گرد وتەن، دوس خەبەردارەن»

مەلایش بەبێ وەستان وەڵامی دەداتەوە:

«ئیرادەم ئیدەن وەی کەلپوسەوە
شەونالێن وەشەن وەلای دوسەوە»

(*) دیوانی مەلای جەباری – عەبدولجەبار محەمەد جەباری ل١٩- ٢٠ساڵی ١٩٦٨.

***

## ناڵەی پیری پیران(*)

٦

١٩٤٧

خوای گەورە و بزورگ پادشای ڕێی نیاز(١)
بێ هاوبەش، بێ کەس، بێ شوێن بێ هاوڕاز
تێگەیشتنت دامێ تێتبگەم
پێم لێنا هەر تۆی، بێ زیاد و کەم
چاوم هەڵبڕی، ئاسمانم دی
وتم بێ وەستا نەهاتۆتە دی
ئەگەر کردەوەی بێ (گا)(٢) نەبوایە
ئەشیا بێ ستوون ڕانەوەستایە
دیارە هەر چەرخێ پیاو دروستی کا
کاتێکت زانی سوا و تێکشکا
چەرخی ماکنەی ئەم ڕۆژ و شەوە
بێ هەڵم و بەنزین ئەخولێتەوە
چەوری پێ ناوێ، هیچ ژەنگ ناگرێ
لێک هەڵناوەشێ دەستی تێ نابرێ
هەر لەو ڕۆژەوە، کە تێکخراوە
هێشتا جەرێکی لێ نەگۆڕاوە
هەر بەو پێودانە، کە بۆت داناوە
وا دێت و دەچێ، هیچ نەوەستاوە
بێ گەورە و بڕە بێ چرپە و بێ دەنگ
تێکرا لە کاران یەک ڕەنگ یەک ئاهەنگ
تۆ نەبوویتایە چۆن تێک ئەخرا
ئەمانە لە کوێ پێکەوە ئەنرا
چۆن چەرخی گەردوون بێ دەستی وەستا
لە کارا ئەبوو هەتاکو ئێستا
ئاش بێ ئاش وەستا نانرێتەوە
(گا) بێ (هۆ)ی جوتیار ناگەڕێتەوە
سەد هەزار ئەستێرەناسان



ئەو دیو خێوەتیان نەدی بەئاسان
منیش ئەگەڕێم کە تۆ بناسم
ناتدۆزمەوە کوێر و کەسم
چاوێکم بەرێ تۆی پێ ببینم
(أرني)(٣) بێژ نیم، کردەوە بینم
دەستم پێ گرتووی شەرمندەم مەکە
بۆ بەخشین (گونای)(٤) زۆر و کەم یەکە
هەر کردەوەیەک لە من ڕووی داوە
لەپێش کردنا، لای تۆ نووسراوە
کە لەو تەختەیەی(٥) لای تۆ نووسرا بێ
کێ ڕێ دەکەوێ بڵێ وا نابێ

(*) لەلاپەڕە ٣٧٦ی دیوانی پیرەمێرددا پێش ئەم شیعرە بەیتێک هەیە ئەڵێ:
«ئەگەر خوات ناسی بپاڕێرەوە
بەزمانی خۆت بلاڵێرەوە»
(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا لە لاپەڕە ٣٧٦دا بڵاو کراوەتەوە.
(٢) گوایە ئەڵێن زەوی لەسەر پشتی گایە و گایەکەش لەسەر پشتی ماسیە. کە دیارە زانست لەم سەردەمەدا ئەو جۆرە خەیاڵە کۆنانەی پووچ کردۆتەوە.
(٣) أرني: ئاماژەیە بۆ واتای حەزرەتی مووسا کە داوای لە خوا کردووە خۆی نیشان بدات، خواش بەواتای «لن تراني» وەڵامی داوەتەوە.
(٤) گونا: گوناه، خەتا، تاوان.
(٥) خیام لە چوارینەیەکیدا بەیتێکی هەیە لەو واتایە دەچێ. بەیتەکە دەڵێ:
«چاکە و خراپە هەرچی کە ئەیکەم
یەک، یەک، تۆ نووسیت، من ئەکەی بەدناو»

***

## جەژنی مەولوود(١)

٧

١٩٤٢

ئەمڕۆ مەولودی پێغەمبەرمانە
ئەو پێغەمبەرەی کە ڕەهبەرمانە

خوا فەرمووی ئەگەر تۆم شک نەئەبرد
چەرخی ئەفلاکم دروست نەئەکرد
بۆیەکم ناردیە ئەم سەر زەمینە
بلێن (رحمةً للعالمین)ە
دیارە ڕەحمەتی خوا هەر وا ئەبێ
ئەم دینە پاکەی لێ پەیدا ئەبێ
هەر لە ڕۆژهەڵات، هەتا ڕۆژئاوا
چرای ئەم دینەی تیا هەڵکراوە
ئەگەر دینەکەی وا چاک نەبوایە
چۆن ئەم برەوەی ئەخستە کایە
تیفلێکی بێکەس(٢) خۆی نەخوێندەوار
خودا بەو دینە، کردی بەسەردار
کاتێ موعجیزەی قورئانی نواند
ئاینی هەموو، میللەتی شێواند
ئاگر و ئاوی کرد بەهەرەمە
هەرچی بۆ بڵێن، هێشتا هەر کەمە
خوا ڕێی سروشتی لە دەست خۆی ناوە
هەرچۆنێ ویستی، هەروا خولقاوە
بە ئایەی عەدلیی کەوا دێڕێکە
موشریکەکانی هێنایە ڕێگە
بۆچ فەخر نەکەین بەو پێغەمبەرە
کە بۆ ئەنبیا هەر ئەو سەروەرە
موسڵمان ئەبێ، کردەوەی چاک بێ
موسڵمانەتی بەقسە نابێ
کە (وای) (متی)ی ئەو ئەهاتە بەر گوێم
لە شەرمەزاری نازانم لەکوێم
حەیفە دین ئەمە و خۆمان بەدکار بین
ڕۆژی شەفاعەت لای شەرمەزار بین



با لەم ڕۆژەدا بەچاوێکی تەڕ
ڕۆحی مەولەوی بکەین بەرابەر

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بلاو نەکراوەتەوە.
(٢) مەبەست لە پێغەمبەر (محەمەد)ە (ص).

***

## ئەگەر(١)

## ٨

١٩٤٧

ئەگەر گوناهکار بیبێ ئەو هۆشە
بزانێ عەفوم چەند لە لا خۆشە
گوناه و تۆبە ئەکا بەعەمدی
تا ئارەزووی من بهێنێتە دی
هەندێکیش ئەڵێن خوا لە هەقی خۆی
خۆش ئەبێ و نایبێ هەقی من و تۆی
مەسقاڵە زەڕڕە (شراً) بەڕەیە
زۆر ورد دەنووسرا ئەم لاپەڕەیە
ڕاستەکەی وایە کە ئەم دوعایە
سزا و لێبووردن هەمووی بەخوایە
پێغەمبەری وا هەیە قاتڵە
لە (أولو العزم) کەچی داخڵە
تۆ خوا بنێرە دڵی وێرانە
مەڕوانە حیکمەت هەروا کوێرانە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بلاو نەکراوەتەوە.

## عەشقی تۆ(١)

٩

١٩٤٨

ڕۆژی ئەزەل بوو سەرەتای عەدەم
من و عەشقی تۆ هاتبووینە بەرهەم
ئێستا کە بەڕۆژ بێکەسم و پرغەم
بەڕۆژ یادی تۆم بۆ بووە بەهاودەم
خوایە لە قاپیت شتێکم ئەوێ
دەست پادشاه و ماڵدار ناکەوێ
ئەوان خواهیشتیان بەموڵک و ماڵە
منیش بەتەنها مەیلی تۆم خەیاڵە
من هەر چیم بوێ کە تۆ نەتەوێ
دیارە بیشمرم چنگم ناکەوێ
ئەوەندەم ئەوێ کەوا ببەخشی
چاکەیە و زەرەر لە تۆ ناکەوی

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.ھ دا بلاو نەکراوەتەوە.

***

## بانگێک لە لاهووتەوە

١٠

نوورێک ئەبینم لە ڕووی جیهاندا(١)
بەڕووی زەمین و بەئاسماندا
گوێم لە بانگێکە لە لاهوتەوە
تێکرا ناسووتێ پێ بزووتەوە
دوای «لا الە الا اللە» ئەڵێ
ڕەسول اللەیە محەممەد بەڵێ
ئەم محەممەدەی کە خودای گەورە
لەگەڵ فریشتەی ئاسمان بەدەورە



سەڵەواتیان دا، لە دیداری ئەو
ڕۆژی جەماڵی ئەو هەڵدێ ئەمشەو
هیلالی مەکە و بەدری مەدینە
لە مەغریب هاتە مەشرق ئەم دینە
خوا فەرمووی ئەگەر تۆم شک نەئەبرد
چەرخی ئەفلاکم دروست نەئەکرد
بۆیەکم ناردیە ئەو سەر زەمینە
بڵێن «رحمةً للعالمین»ە
دیارە ڕەحمەتی خوا هەروا ئەبێ
ئەم دینە پاکەی لێ پەیدا ئەبێ
لە ئادەمەوە دین قاڵ کراوە
ئاڵتونی تێزاب هەر بەو دراوە
ئا ئەمە بوەتە دەلیل و ئیسپات
پێغەمبەری تر لە دوای ئەو نەهات
غلەی غایەی ئیجاد وا دەرکەوت
خاتەمی خەتمی ئەنبیای بەرکەوت
بێ باوک و دایک هەم نەخوێندەوار
خوا بەم ئاینە کردی بەسەردار
هەر موعجیزەیەک لە پێش ئەودا بوو
بە ئایەتێکی قورئان بەسەرچوو
بڕوانن ئایەی عەدلی دێرێکە
چۆن بتپەرستی هێنایە ڕێگە
ئای ئەوسایە دین چەن بەقووەت بوو
خەیبەریان ئەگرت بەیاهووی یاهوو
داخەکەم هەوڵ و قووەتمان تێکچوو
شێرە شەرزەکان ناوێرنە جوو
ئەوسایە بانگی (اللە اکبر)
(بەدر و حەنینی) ئەکرد موسەخەر
چونکو لامان دا لە خوا شوناسی
خوایش بۆیە ئێمەی خستە کەساسی

ئەگینا خوا خۆی، فەرمووی موسوڵمان
بیستیان دوو سەدە بۆ ڕۆژی مەیدان
دەوای ئەم دەردە پەشیمانییە
چارەی ڕسگاری ڕێی ڕەحمانییە
با لەم شەوەدا بەدیدەی نمناک
هانا بەرینە بەر شاهی لەولاک

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## خۆشەویستی خوا(١)

## ١١

١٩٤٩

پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی خوا
فریامان کەوە توو بیت و خوا
سەرای (سبحان الذی اسرا)ی تۆ
ڕێی زیارەتی خزمەت خودای تۆ
ئێستا بەخوێنی ئیسلام گوڵگونە
(بیت المقدس) حەورای صەهیونە
قەومی نەجیبت کەوتە تەنگانە
جولەکە کوژیان ئەکەن ئامانە
(صلاح الدین)ی کورد بەو خزمەتە
ئێمەی ڕوو سوور کرد وا بەو خزمەتە
بەم ڕەنگە کورد و عەرەبی عیراق
بۆ فیداکاری کەوتنە ئیتیفاق
تۆش لە پشتیان بە بۆ ئەم جیهادە
بەم یەکیەتییە ڕۆحی تۆیش شادە
یا عەلی خۆ تۆی (فاتح)ی خەیبەر
(ذوالفقار) لە تۆی کالان بێنە دەر



ئاخ چیبکەم ئەگەر پشتیان ناگرن
بەرگەی شەقێکی کورگەل ناگرن
من بەپەژارەی هاو حاڵییەوە
بە عومری هەشتا و سێ ساڵییەوە
فرمێسکم بەسەر ڕیشی سپیدا
دادەڕژێنم لە ڕووی نەبیدا
گورزی گۆدرزیان لێ بکەوێتە کار
زاتەن هەر چل شەو ئەژی سەگی هار
(بخت النصر) یان (گیو)ی گودرزە
پەیڕەوی گیوی کورد لامان فەرزە

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## خوا ئێمەی(١)

## ١٢

١٩٣٩

خوا ئێمەی ڕەنگ ڕەنگ سروشت پێداوە
ڕەنگی هیچ کەسی بەکەس نەداوە
ئەبینی دوو کەس بەیەک ئەشوبهێن
کەچی بەکردار لەیەکتری جوێن
یەکێ ئارەزووی بەشیرینییە
ئەوی تر مەیلی شیرینی نییە
یەکێ وەک بێزوکەر ترشی ئەوێ
نە، ناوی مەبە، ئامان نامەوێ
یەکێ سەودایی شیعری مەوزوونە
یەکێ بەتیری شیعر دڵخوونە
هیوامان هەیە بەکشە مرە
ئەڵێ پێت وتووم کشە تۆ بمرە

سا توخوا مره و بمره چەن دوورن
هەر چەند کولانە و گۆڕ هەر دوو ژوورن
کۆنە پیاوێکمان، بەتەقەی قەزوان
نەدینی لە لا، ماوە، نە ئیمان
مەلایەکمان بوو، ئەتوت سێ پارە
ئەهاتە وێزەت بەنیزەی یارە
ڕەحمەت لە سۆفی یارەی زرێپۆش
بۆی ڕام ئەکردین ئێستری چەموش
ئێستا دەستەیە (تۆڕی) کەم سرەوت
بە قەمچی یارەش نایبەنە سەر ڕەوت
یارە مرد لە لای نامەرد نەنێژرا
بۆ گردی یارە چەند شیعر بێژرا
خۆزگە ئەمزانی ئەم سڕە چییە
ناوی هیچ کەسی لەناوا نییە
کەچی تۆ ئەڵێی بامیەکەم ترشە
ئەم هەموو خەڵکە ڕووی لە تۆ گرژە
دە، باوکم ئێرە خۆ کەرکوک نییە
(مەلا بامیە)ی بێ بەو تووڕەییە
یا ئەگەر ترشی و ترسی خراپە
ڕووی خۆت ترش مەکە شیرین بە چاکە
ئەگینە کە تۆ مۆن و ترش ڕووی
دەمی کەس کیسە نییە بیدرووی
هی وامان هەیە کە لەخوا ئەدوێ
ڕسگاری لە خوا بۆ کێ ئەبڕێ
بۆچ پێغەمبەریان لەشار بەدوور کرد
ئیمان ناهێنرێ بەکەس دەستوبرد

..........................................................

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***



## ئەو کەسەی(١)

## ١٣

١٩٤٨

ئەو کەسەی کەوا فەقیر نەوازە
لەگەڵ فریشتەی عەرشا هامڕازە
وەک کوێر بەڕێدا مەڕۆ وریا بە
تا نەکەویە چاڵ، بانگ کەی ئەی بابە
لەژێر سەقفێکداین کۆڵەکەی نییە
ئەگەر بڕووخێ دەسەڵات چییە
ئەم سەقفە کەوا بێ کۆڵەکەیە
نازانێ بۆ تۆ سایەی تاکەیە
کاتێک ئەزانی ئەتهاوێژنە چاڵ
یا کفنت ئەبێ، یا بێ پەشتەماڵ
ماری گۆڕ ناری دۆزەخ لەبەرە
بۆ ئەم دوو دەردە چی چارەسەرە
ئەگەر ماجوونی خواپەرستیت برد
خۆت لەو دوو ئیشە پاراست و دەرکرد
زۆر خۆت مەخەرە گێژی دنیاوە
چەند مەلەوانی تێدا خنکاوە
نەفست مارێکە پێکوڕەی شەیتان
گەر فرسەتت دا ئەگەزێ بەددان
خوا پێمان ئەڵێ، ڕێی چاکە بگرین
بۆ ئێمەیەتی ئەزانێ ئەمرین
ئەگینە دیارە ئەو باکی نییە
ئیحتیاجێکی پیاوچاکی نییە
باری گوناهی قورسمان کەوتە سەر
ئەبین بەکەری شەلی بارنەبەر
سووچی خۆت لە پێش خەڵکا ببینە
حەسوود دەربارەی پیاوچاک بەقینە

به چاوبرسیەتی هەڵمەکوتەرە ناو
مورغ بۆ دانەیە ئەکەوێتە داو
کە لە کاروانا پارەت پێ نەبوو
هیچ ترست نەبێ بێ پشتێن بنوو
ئەگەر زیانت لە کەسێ دابێ
تۆش دێتەوە ڕێت ڕۆژێکت مابێ
ڕازی دەروونت مەڵێ لە لای کەس
دەم دڕاو مەبە خۆت بزانە و بەس
وریابە وەک کوێر بەڕێدا مەڕۆ
داوی شەیتان و چاڵ زۆرە بۆ تۆ
لەژێر سەقفێکدا کۆڵەکەی نییە
کە ڕووخا ڕووگیری چییە
ئەم سەقفە کۆنە بێ کۆڵەکەیە
لەگەڵ کۆڵەکەی تۆدا تاکەیە
تێبگە ڕێگەی دوورت لەبەرە
چاکە بۆ ئەولا توێشووی سەفەرە
خوا فەرموویەتی ڕێی چاکە بگرین
بۆ ئێمەیەتی کە دوایی ئەمرین
ئەگینە لەبەر پێغەمبەر نەبێ
چ ئیحتیاجی بەئێمە ئەبێ
باری گوناهمان کە کەوتە سەرشان
ناچارین ئەبین بەکەری شەیتان

........................................

(١)پیرەمێرد چەند جارێک ئەم شیعرەی بڵاوکردۆتەوە: ساڵی ١٩٤٢ لە ژینی ژمارە ٦٨٢دا. ساڵی ١٩٤٦ نوسخەی دیوانی م. هـ. ساڵی ١٩٤٨ لە ژینی ژمارە ٩٢٦دا. لە نوسخەی م.هـ دا شیعرەکە ناتەواوە و بریتیە لە نۆ بەیت. بەڵام ئەوی ئێمە نووسیومانە حەڤدە بەیتە و لە زۆر جێگادا لەو جیاوازە. ئەوا لێرەدا نوسخە ناتەواوەکەی دیوانی پیرەمێردی م.هـ دەنووسینەوە کە لە لاپەڕەی ٣٨٤دا بڵاوی کردۆتەوە

«ئەو خوا پێداوەی برسی نەوازە
لەگەڵ فریشتەی عەرشا هامڕازە
بتەوێ لەگەڵ خوادا خەریک بی
ئەبێ لە پیاوی بەدکار تەریک بی



## شێخ و سۆفی(١)

## ١٤

١٩٤٧

شێخ چاو لە دەستی سۆفی نەفامە
ئەیشزانێ ئەوەی ئەیخوا حەرامە
وەکیلی خوایە، بەهەشت ئەفرۆشێ
وەک مانگای گەڵباخ مورید ئەدۆشێ
بەڵێ مەشهورە کە سواڵ کیمیایە
بە پارەی مورید خاوەن دنیایە
ئەگەر مەردی خوای سواڵت بۆچ ئەوێ
پارێز و ترشی چۆن ڕێک ئەکەوێ
تا ئەم حاڵەمان هەروا بمێنێ
ئاواتەخوازین بەوەزعی دوێنێ

........................................

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## خۆشەویستی خوا(١)

## ١٥

١٩٤٨

پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی خوا
هیچ کەسی ترت نەهاتووە لە دوا
دیارە هەر کارێک خوا پێی سپاردی
وات کرد کەس نەیکرد بۆیەکی ناردی
فرمانی خوای خۆت وا هێنایە دی
ناردنی کەسی دی پێویست نەدی
هەر چۆنێ ویستی تۆ وات کرد دەرکەوت
بەوە خاتەمیی خاتەمیت بەرکەوت
تۆیش خۆت چۆنت ویست سروشتت وایە
ئەمە خاتیمەی لوتفی خودایە

خۆی و فریشتەی بەدیاری تۆ
سلاواتیان دا لە دیداری تۆ
وا ئێمەیش ئەمری خوا بەجێ دێنین
سەڵەوات ئەدەین مەولود ئەخوێنین
بەڵام تاریکە هەموو لایەکمان
وا (جوو)یش تەماعی کردۆتە لاکمان!

............................................................

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## خوا کاتێ ویستی[(١)]

## ١٦

١٩٤٩

خوا کاتێ ویستی خوایی بنوێنێ
ئەمرۆی بۆ دانایین لە شوێنی دوێنێ
ویستی ڕووی زەمین بێ بەکارزار
نەوەی ئادەمی هێنایە ڕووی کار
دنیا بەیەکدا هاتووە و ئەژەنێ
خۆیشی لەسەردا پێی پێ ئەکەنێ
لەو میانەدا دانای هەڵبژارد
ڕێ پیشاندانی خۆی بەوان سپارد
ئنجا ئەوانەی کە خوا ئەناسن
دەستی ئەوانە ئەگرن کە کاسن
ئەیانبەن بۆ سەر ڕێی عیلم و زانین
بۆ توێشووی ڕێگای ئەولا پێک هانین
دوو ڕێیە هەردوو سەریەک ئەچنەوە
کوێرایی نەبێ لێک جوێ نابنەوە
یەکێ تەریقەت، یەکێ شەریعەت
ئاشکرا و پەنهان هەردوو حەقیقەت
حەقیقەت دەریا و شەریعەت گەمێ
تەریقەت غەرقە گەر لادا کەمێ



تەریقەت لەسەر سێ قوەت بەندە
بەو سێیە خوای خۆی ئەناسێ بەندە
یەکەمیان فەنا و دووەمیان وەفا
سێیەم لیقایە سەمەرەی جەفا
فەنا خۆ بەخۆ ڕسگار کردنە
بە کوشتنی نەفس گرەو بردنە
وەفا پەیمان و شەرت بەجێ هێنان
ئنجا ئەگەیتە لای لیقای یەزدان
کە لە خۆت بڕای دۆست لات حازرە
جاو شۆرا و کوترا ئنجا گازرە
ئەوی کە ئەهلە، گشت کاری سەهلە
خودبینی پیشەی شەیتانە جلە
کە نەفست فرۆشت زیوێکی قاڵی
خۆفرۆشیت کرد دیزەی بەتاڵی
نوێژت بەقەزا ئەگەڕێتەوە
دڵی دۆست ڕەنجا ئەبڕێتەوە
مایەی خۆشبەختی قەلەندەرییە
هەرچەند لە ڕیش و سمێڵ بەرییە
کە هاتە سەر ڕێی ڕەزا و قەناعەت
پادشاهێکە بێ ڕەنج و میحنەت
دنیا هەر چۆنێ، بیگری وا ئەڕوا
کە دووی نەکەوتی ئەوت دێ لە دوا

............................................................

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاو نەکراوەتەوە.

***

## ناڵەی کۆن

## ١٧

١٩٤٥

خوایە زیندەگی بدە بەدڵم
هێندە دڵ مردووم بۆ خۆم خەجڵم

من خۆم نازانم داوای چیت لێ بکەم
هەر ئەوەم ئەوێ ڕێی لای تۆ دەرکەم
شێتی وا هەیە شەق ئەوەشێنێ
عاشقە و شێوەی شێتی ئەنوێنێ
من دێوانەی تۆم بەتاقی تەنیا
وا شەق هەڵئەدەم لە هەردوو دنیا
ئەو ڕۆژەی گڵی لەشت داڕشتم
تۆزێک لە لیقای خۆتت تێخستم
وا بەو مایەیە، گەیشتمە مەرام
تەنها تۆم ئەوێ بەهەشت پەشمە لام
ئەوەی بەماڵی دنیا باییە
چاوی لە گەنج و پادشاییە
پیشەی هەڵکردی من گەداییە
مەیلی تۆ بۆ من شادی و شاییە
ئەزانم منت بۆ خۆت دروست کرد
هەوڵ و حەسوودیت لە دڵم لابرد
تۆ بۆت دانابووم من بەشی خۆم برد
کەوابوو هیچمان زیانمان نەکرد
خۆت لە قورئانا وەهات فەرمووبوو(١)
«رضي الله عنهم ورضوا عنهُ»

---

(١) لەلاپەڕە ٣٨٢ی دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا نووسراوە: (خۆت لە قورئاندا ئاوەهات فەرمووو)

***

## سەرمەستی ڕووسوور

## ١٨

١٩٤٣

خوایە ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ
کە غەم لەناو خۆی بکاتە دەرێ



من خۆم نازانم چی بۆ من چاکە
تۆ بەمەیلی خۆت دڵم ئاواکە
پایەی تۆ ناسین ئەگەر دەرکەوێ
ئیتر کێ دنیا و دیناری ئەوێ؟
من کە دێوانەی تۆبم بەتەنیا
شەقێک هەڵئەدەم لە هەردوو دنیا
دڵم هەمیشە یادی تۆ ئەکا
گیان لە ڕێی تۆدا جستوجۆ ئەکا
لەم خۆشیانەدا ئەگەر بێ و بمرم
بۆنی تۆی لێ دێ گیاکەی سەر قەبرم(١)
بەهەشت مەدح ئەکەن بەناو و داوێ
من لیقای خوام بێ بەهەشتم ناوێ
عاشق کە بەڕاست دەستی لە گیان شت
پەکی سەیران و گەڕانی خۆی خست
دیارە کە یاری ئەو وەفایەی دی
کامی ویساڵی بۆ دێنێتە دی
خوایە ئەیزانی کە من تۆم ئەوێ
مەعشوق چە ڕایەی بەتۆ ئەکەوێ
خوایە نامەوێ تاعەتم زۆر بێ
نەوەکا نەفسم بەوە مەغرور بێ
خۆم بەگوناهکار ئەدەمە قەڵەم
تۆ خۆت فەرمووتە حەز لە عەفوەکەم

---

(١) ئەم بەیتە لە دیوانی م.هـ دا چاپ نەکرابوو.

***

## بۆ مەولود

## ١٩

١٩٤٥

پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی خوا
هیچ کەسی ترت نەهاتووە لە دوا

زۆر پێغەمبەر هات بەرودوا تێکڕا
خاتەمی خاتەم، بەهیچ کەس نەبڕا
بەر لەوەی ئادەم کەوا «صفی» بوو
تۆ «مصطفی» بووی بەڵام خەفی بوو
مایەی خیلقەتی ئەفلاک «لولاک»ە
بە «الم نشرح» سەدری تۆ پاکە
«والضحی» سوێندی پڕ نووری ڕووتە
«واللیل» بۆ طورەی سەودای مووتە
نێرگز «مازاغ البصر» جوانی کرد
سوورمەی طوور چاوی تۆ هەرزانی کرد[1]
مانگ بەپەنجەی تۆ دوو کەرت و شەق بوو
پەرویز[2] بەنامەی تۆ جێی پێ لەق بوو
بوومەلەرزەی تۆ کەوتە دنیاوە
لەوساوە گوڵی «ساوە» هەستاوە
«سبحان الذی أسری» سەراتە
«قاب قوسی»نیش، (أدنی) جێگاتە
سوورەی «والنجم»ت ئەدرەوشێتەوە
گوڵی ئاینت ئەگەشێتەوە
«انا فتحنا»ت طورەی بەیداغە
ئایەی «مزمل» کەوای شیرداغە
خوا سڵاواتی لە دیدارت دا
ئەو نوورەی دیارە لە دیدارت دا
تۆ نەبوویتایە، بەئاگری نەمروود
نەسلی ئیبراهیم نەدەبوو مەوجوود
ئەو ئیبراهیمەی تۆ نەوەی ئەوی
لە کوردستاندا دەرکەوت برەوی[3]
باپیرە گەورەت فەخری کوردانە
مەڵبەندی ئەوە ئەم جێ و مەکانە
توخوا هەر لەبەر دڵی ئیبراهیم
دەردمان دەواکە، کە هەر تۆی حەکیم
تۆ و ئەم ڕۆژەی تۆی تیا هاتیە دنیا



چارمانکە هیوای بەتۆیە تەنیا
هەروەک (رحمة للعالمین)ی
دیارە تەنگانەی ئێمەش ئەبینی
تۆ خۆت ئەزانی کە کورد دیندارن
بە ئاینی تۆ سەلابەتدارن
خۆمان بەئەهلی ئیمان ئەناسین
کەچی کەچڕەوین بۆیە کەساسین
کە تۆ لە لای خوا خاترت ئەگیرێ
وا بکە نیفاقمان لەناو هەڵگیرێ
ئەوسا ئەبینی چە ئوممەتێکین
لە ڕێی خزمەتی ئاینده یەکین

........................................

(١) کە تیشکی خوا لە چیای (طور)ی داوە لە سینا. چیاکە هەمووی سووتاوە و بووە بەکل. لەبەر ئەو هۆیە لە کۆنەوە لە کوردەواریدا کل بەشتێکی پیرۆز دانراوە.

(٢) پەرویز: مەبەست لەو نامەیەیە کە پێغەمبەر بۆ (خەسرەوی پەرویز)ی شای ئێرانی نارد، هەتا موسوڵمان ببێت شاعیری مەزنی کورد (خانای قوبادی) لە کتێبی (شیرین و خەسرەو)دا باسی ئەم ڕووداوە دەکات. بڕوانە ئەو کتێبە کە بەڕێز ئەدیبی قەڵەم ڕەنگین (محەممەدی مەلا کەریم) پێشەکی بۆ نووسیوە و ساغی کردۆتەوە و لە چاپی داوە.

(٣) لە قورئاندا هاتووە دەڵێت: ما کان ابراهیم یهودیاً، ئەمە بەلای پیرەمێردەوە وەها ساغ بۆتەوە کە ئیبراهیم کورد بووە.

***

## ناڵەی پیری پیران

## ٢٠

١٩٣٧

ئەی بەخشایندەی خاوەندی عەتا
ئەی خوداوەندی پۆشندەی خەتا
ئەی بێ نیازی تەواو نەناسراو
ئەی تەنهای ناودار هەزار و یەک ناو
ئەی دەسەڵاتدار، دەست ناگاتە تۆ
ئەی پەروەردگار، هانای گشت بەتۆ
نەشئەیەک بدە بەگیانی مردووم
ڕووناکی چاوی هەوا کوێر کردووم
خوایە نازانم چیم لە تۆ بوێ؟
هەر چیم بدەیتێ من ئەوەم ئەوێ

پەروەردگارا عوزرم پەسەندکە
لە ڕاستی گوناه جڵەوم توندکە
هەموو عومری خۆم خۆم دام بەبادا
هێشتاکو شەیتان یەخەم بەرنادا
بوون و نەبوونم لەلا یەکسان کە
لە وەختی غەمدا شادیم ئاسان کە
خوایە ئەترسم لە گوناهی خۆم
دەستم ڕاکێشە دەستەوسانی تۆم
خوایە خوماری تۆم وا لەسەردا
شیعری سوپاسی تۆم وا لەبەردا
سەر و زمانم بەفکر و سەنات
هەر وا بێڵەوە هەتا دێمە لات
نەنگی دنیایی لە لای من خۆشە
بە نەنگی لای خۆت من دامەپۆشە
سەرم بەسەودای عەشقی تۆ گێژە
خاکی ڕووزەردیم پیادا مەبێژە
خۆشەویستی تۆم هەڵبژارد بۆ خۆم
لە ڕێی ڕەزاتا هەروا بەڵاجۆم
(گەمێ)یەکی نووح، بڕەخسێنە بۆم
لە گێژ سەرکەوم ئەکەومە بن گۆم
پەروەردگارا هەر چیت هەڵبژارد
خەرمانی هەستی ئەوەت دا بەباد
بەوە موفلسن خەڵک کەنیانە
من بەبوونی زۆر ماڵم وێرانە
فەزڵت بێ گران شوکرت بێ زیان
غەیری تۆ کەسم نییە لە جیهان
خوایە ئەو کەسەی کە تۆ ئەناسێ
کەسی تر ناکڕێ بە لەتە داسێ
مەیلی تۆ وا بێ بچمە جەهەننەم
بەهەشتم ناوێ بەڕەزا بەندەم



خوایە دانام کە، نەک دانای بەدحاڵ
بینایمیم بەرێ پێی نەکەومە چاڵ

***

## ناڵەی پیری پیران

## ٢١

١٩٣٧

پەروەردگارا ئەگەر هەر موویێ
زبانێکم بێ شوکرانە گۆیێ
شوکری نیعمەتی تۆ تەواو ناکەم
لە چیت سروشتدام من هەر ئەو خاکەم
ئەو زبانەی من شوکری پێ ئەکەم
تۆ پێت بەخشیوم بێ زیاد و کەم
خوایە سڕی خۆم لای هەرکەسێک وت
خۆمی پێ سووتام وەک سەرەبزووت
هەر تۆی مێروولەیش ڕازی بەتۆیە
سووتاوی شەوقت سازی بەتۆیە
دەرگای بزورگان شەو دائەخرێ
قاپی تۆ بەشەو هانای بۆ دەبرێ
گەورەی دنیایی دەستی بچووک ئەگرن
بەو چاکەیە خەڵک لەبەریان ئەمرن
تۆ خوداوەندی کە خەڵقت کردووین
شەیتان گەورەیی تۆی لەیاد بردووین
لەگەڵ ئەوەشدا هەر تۆ بەخشندەی
نانمان نابڕیت کەرەم کوونندەی
خوایە پێم خۆشە، سەرم ببڕە
پەردەی ناموسم بەخەڵک مەدڕە
خۆت ئەزانی خەڵک چەند بێ مروەتن
هەلیان بۆ هەڵکەوت چەند کەم فرسەتن

بەسکی برسی دامنێ لەسەر بەرد
بەڵام مەمخەرە دەست پیاوی نامەرد

***

## نالەی پیری پیران

## ٢٢

١٩٣٧

خوایە هاوارم تەنها بەتۆیە
تۆ نەبی عالەم بەچڵ و چۆیە
دوو باڵم بەرێ کە پێی بفڕم
باڵی دوو تەیری نەحسی پێ ببڕم
یەکەم کۆلارەی تەماعی نەگبەت
دووهەم سیسارکەکەچەڵەی شەهوەت
ئەگەر ئەم دوانەم توانی باڵ شکاند
نێچیری مەردیم لە دنیا فڕاند
خۆ ئەگەر هەروا ئەم دووانەم سوار بێ
ئەبێ ناوی من کەری ژێر بار بێ
خوایە وا من خۆم تەماعم ناوێ
فەرموو ئەو وازم لێ بێنێ تاوێ
ڕوو بکاتە شوێنێ کە ئەویان ئەوێ
شەو و ڕۆژ دڵیان بۆ ئەو نەسرەوێ
تەماع پارەیان پێ کۆ بکاتەوە
هەتا لە تۆیان دوور ئەخاتەوە
لەبەر مەرگ حاڵی دنیا ئەگۆڕێ
خۆ دیارە پارە ناچێتە گۆڕێ

***

## نالەی پیری پیران

## ٢٣

ڕەهنومای گوم بووی هەردەی هەوایی
ئەلەکتریکی تەلی بینایی



ڕێم لێ شێواوە و گردەنشینم
بینایم لێڵە و تۆی پێ نابینم
ڕێگام نیشان دە پادشای بزورگ
گورگی بۆزت کرد بەدەلیل بۆ تورک
(یونس)ت لەناو زگی ماسیدا
ژیان و چرای لیقای خۆت پێدا
ئەو «لا الله الا أنت»ەی گوت
بەزەییت پیا هات ڕەحمت بۆی بزووت
من لە ئەزەلدا ئەمەم کردە بەر
بۆیە باوەڕم کرد بەپێغەمبەر
نامەوێ بیشبم بەفرستادەت
تەنها سەرخۆش بم بەنەشئەی بادەت
هۆشێکت داومێ کە دنیام نەوێ
خۆشەویستی تۆم ئەگەر بەرکەوێ
با وجوود میهرت پیاو ئەسووتێنێ
کەڵکی خواردنی خۆشی نامێنێ
قەیناکا ئیتر هیچی خۆش ناخۆم
تەنها مەیلێکی خۆت بنێرە بۆم

***

## نالەی پیری پیران

## ٢٤

تەنها خوایەکەی زەوی و ئاسمان
لە هەموو شوێنێ، پەیدایت و پەنهان
لە بەندەگیدا بەوە سەربەرزم
کە لە دیوانی تۆدا ئەلەرزم
ئامان چەند خۆشە کە ڕادەوەستم
جار جارە بۆ تۆ نوێژ دادەبەستم
الحمد ئەخوێنم، ڕوو لە تۆ ئەکەم
بەغائبانە حەمدت بۆ ئەکەم

که گەیمە ئەوەی بڵێم -إیاک-ە
بەنەشئەی حزوور دڵم ڕووناکە
چونکە ئەو دەمە وام لە حزوورا
دڵم خۆی ئەشوا لە دەریای نوورا
ئەچمە لای پیاوێ کەوا گەورە بێ
بە فەیزی خوایی گەورەی دەورەبێ
خۆ ئەگەر وەک من جلی چڵکن بێ
بەڕیش و سمێڵ چارەی کوڵکن بێ
لە لای قاپیەوان هەر دەرکراوە
هەر قاپی تۆیە کە نەگیراوە
بە ئەندامێکی پڕ گوناهەوە
بۆ نوێژ ئەچینە ڕیزی شاهەوە
من کە لیقای تۆم هەرزان دەسکەوێ
لە بوردەبازی بەندەت چیم ئەوێ
خوایە وام لێ بکە ئاگام لە خۆم بێ
کە وتم (الله) هەر لەگەڵ تۆم بێ
نەوەک بەزبان دوعا بخوێنم
لە دڵدا ڕەگی خەڵکی دەربێنم
بە ڕەزامەندی دڵم پڕ جۆش بێ
هەرچی تۆ بیکەی ئەوەم لا خۆش بێ
کە هەر چیت کرد و بەچاکم زانی
دەستم ماچ ئەکات خۆشگوزەرانی
ئەگەر شێتی بێ شێتی تەواو شێت
خاک و خار و زیخ ئەکەونە بەر پێت

***



# نالەی پیری پیران

## ٢٥

١٩٣٧

خوایە بەعەقڵ ڕێم پێ نەبردی
پیرێژنانە بڕوام پێ کردی
دوای ئەوەی زانیم کەوا تۆ خوای
بۆ بێکەس کەسی و بۆ داماو پەنای
ئیتر زۆر وردی ناخوێنمەوە
گوریسی حیکمەت ناهۆنمەوە
چونکە پێغەمبەر عەقڵی کوللی بوو
لە تۆ ناسیندا عەقڵی کولی بوو
«قاب قوسین أو ادنی لدیک»
فەرمووی، « لا احصی ثناءً علیك»
نامەوێ کونهی زاتت بزانم
لە گەورەییتدا مات و حەیرانم
بەڵام ئەمەوێ بەسۆزێکی عەشق
خۆشەویستی تۆم ببێت بەسەرمەشق
سەرمەشقی عەشقی پەنهانی وابێ
کەس پێم نەزانێ و تۆم لە دڵا بێ
ئەو (سەنگ تەراشە)ی[1] لە کێوی طوور بوو
بە عەشقی تۆوە لە عالەم دوور بوو
ئەیگوت: تۆ وەرە لام بەمیوانی
ئەچوو لە لای شوان شیری ئەهانی
شوکور من ناڵێم وەک من نەوسنی
ئەیزانم دائم میوانی منی
یەعنی حازری هەمیشە لە لام
بەڵام من بۆ نەوس لە تۆ تەوەلام
تو خوا تۆ هەرچەند کە، لامەکانی
کە بۆ خانەی دڵ تەشریفت هانی

فەرموو هەچ کەسی تیایە با هەستێ
نەنگە لای ئاغا نۆکەر بوەستێ
(اذا جاء الحق زهق الباطل)
زاخاوی دڵی پێ ئەبێ حاسڵ
ئەو زەوقەی نووری مەعریفەت ئەیدا
گەنجی ڕووی زەمین پێی نابێ پەیدا
یاخوا بەبادەی عەشقت سەرخۆش بم
تا ئەچمە ژێر خاک مەست و مەدهۆش بم
من کە لە زەوقی دنیا موستەغنیم(١)
ئیتر بەلیقای مەیلی تۆ ئەژیم
کەس لە قاپی تۆ، نائومێد نابێ
با ئەم داوایەی منیش ڕەوابێ

..........................................................................

(١) نیشانەیە بۆ ئەو چیرۆکە فارسییەی کە ناوی (سەنگ تەراش)ە. ئەو چیرۆکە هەڵبەستە و سەرەتاکەی ئەڵێ:

سەنگ تەراشێ بوود اندر کۆهی طور
سەنگ تەراشی کرد گفتا یا غفور

کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کابرایەکی دێوانە لە بەرد قاپ و قاچاغی داتاشیوە و لە شوانەکان شیری پەیدا کردووە و زیافەتی بۆ خوا کردووە کە ببێت بەمیوانی و لەناو ئەو قاپە بەردانەدا ئەو خۆرشتانەی بۆ پەیدا کردووە کە بیخوات ئەم چیرۆکە بەشێکە لە چیرۆکەکانی ناو کتێبی (ئیسماعیل نامە) م.هـ.
(١) ئەم بەیتە لە نوسخەی م.هـ دا چاپ نەکراوە.

***

## ناڵەی پیری پیران

### ٢٦

خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن
هیچیان نەدیوە وا هەڵەوەڕن
ئەگینا سەیری باغێکی گوڵ کەن
تەماشایەکی بەعەقڵ و دڵ کەن
ئەو ڕەنگە جوانەی پەڕەی (هەرجایی)(١)
بە زەڕەبینی تیشکی بینایی



لێی ورد بینەوە کە ئەو سنعەتە
کێ دەڵێ زادەی خووی تەبیعەتە؟
گەڵای (گوڵ پەسەند)(٢) کام مەقەست بڕی
(پەردە عروسی)(٣) کێ پەردەی دڕی
کێ هات (لاولاوی)(٤) بەدارا ئاڵان
کام دەست گەردەنی (وەنەوشە)ی شکان
ئەمانە نەیسا بڵێین بێ گیانن
مادەیەک ڕووی دا زۆر کەس ئەیزانن
ئاغای شیوەکەڵ یەکێکیان تیابوو
کە ئاغال ئاغای قادراغای ناوبوو
پێی بریندار بوو، لێی کرد بەخۆرە
ئەهاتنە سەری حەکیم بەنۆرە
ڕۆژێک (مەولەوی) حەکیمی بانە
پێی وت ڕەحمەت بێ بەم مناڵانە
ئەم دەردە پیسە ئەتەنێتەوە
پیاو ئەبێ لێیان دوور کەوێتەوە
ئاغا لە دوور دێ چووە بن دارێ
ڕاکشا و ڕوانی بۆی کشا مارێ
ئەمیش بێزار بوو چاوی لێ قووچان
تا هاتە سەرپێی خۆی هیچ نەجووڵان
هەرچەند خەڵک و خوا لە دوور پەیدابوو
تا ئەوان هاتن مار پێوەی دابوو
پێی چاک بووەوە وەک دۆخی جاردی
خۆ ناڵێین ئەمەش تەبیعەت ناردی
بەردە زلەکەی ناو ئاوی دووکان
کە بۆ ئەندازەی ئاو بووە بەنیشان
شارە مێروولەی لەناودا ئەژی
ئەویش تەبیعەت هێناویەتە دی؟
ئەم ئاسمانە کە بێ ستوونە
بۆ کردەوەی تۆ بوو بەنموونە

چەرخی ماکینەی ئەم ڕۆژ و شەوە
بێ هەڵم و بەنزین ئەسووڕێتەوە
چەوری پێ ناوێ هیچ ژەنگ ناگرێ
لێک هەڵناوەشێ دەستی تێ نابڕێ
ئاش بێ ئاش وەستا ناسووڕێتەوە
گا جووت بێ جوتیار ناگەڕێتەوە

---

(٤،٣،٢،١) ئەوانە ناوی گوڵن.

***

## ناڵەی پیران

## ٢٧

١٩٣٧

خوایە فەرمووتە، خۆت لە قورئانا
لە پەرستشی جن و ئینسانا
خەلقی جن و ئینس، بۆ عیبادەتە
پەرستنی تۆ ڕێی سەعادەتە
حەدیسی قودسیش هەردوو یەک باسن
کەنزی پەنهان بووم ویستم بمناسن
ئەو بۆ عیبادەت، ئەم بۆ ناسینە
ئەم دوو ئایەتە بۆ یەک ئایینە
(خلقت الحق لكي أعرفُ)
بۆ کێ دەست ئەدا هەروا زوو بەزوو
سا مەگەر ڕشتەی هیدایەتی تۆ
بۆ ئەو ڕایەڵە بێت بەتان و پۆ
«ئەگینا بێ تۆ ئەو ڕێی ڕەحمەتە
نوقتەی دێتە سەر دیارە زەحمەتە» (١)
تو خوا با ڕەحمەت نەبێ بەزەحمەت
(نبی)ت بەڕەحمەت ناردووە بۆ ئوممەت



دیارە موحتاجی دوعای عەبدت نیت
ئەگەر نەتناسن تۆ دەربەستی چیت؟
ئەزانم بۆچی وا لوتف ئەنوێنی
دەستنێژی خۆتن نایانشکێنی
دیارە ئاو خەلقی پەروەردگارە
سنعەتێکی وای لێوە دیارە
«ئەو دارەی کە خۆی هێنابێتیە بەر
نوقومی ناکا ئەیخاتە سەر سەر» (٢)
دیسان فەرمووتە کە پەروەردگار
زۆر لە لای خۆشە عەفوی گوناهکار
بزانە زەوقی عەفوی من چەندە
گوناهکار ئەبێ بەعەبدی بەندە
خۆمن ناوێرم ئەمە بێنمە دی
ئەگینا منیش عەفوی تۆم ئەدی
بەڵام ئەویشە باسێکی جوێیە
ئەو پیاوەی لەوە بگات لە کوێیە؟!
من لە مانەم چی پیرێژنانە
ئەتناسم ناچمە سەر گوێسەوانە
من ئەمەم بەسە هەتاکو دەمرم
زەوقێک لە یادی عەشقت وەرگرم
خۆش گوزەرانی بەدڵخۆشییە
ئاڵاندنە دنیا فەرامۆشییە
دنیا داوێکە کەوتووینە ناوی
دینمان ئەخەینە بەها و پێناوی
حەدیسە دنیا و دین یەک ناگرن
هەر لایەی داوێک لە یەک دائەبڕن

---

(١) پیرەمێرد ئەو شیعرەی لە مەولەوییەوە وەرگرتووە و هەر خۆی لە شوێنێکی تردا ئەو شیعرەی لە هەورامییەوە گۆڕیوە بۆ شێوەی سلێمانی بەم جۆرە:
ڕەحمەت و زەحمەت نوقتەیان فەرق بوو
ئەو نوقتەیە بوو کە لەمن تەوق بوو

من لە (ز)ێی زەحمەت نوقتەم ئەکڕان
بە(ر)ی ڕەحمەتدا ئەو مێشی ئەڕیان

(٢) ئەو بەیتە بیرەکەی شیعرێکی فارسییە و وابزانم شیعری حەکیمانەی (سەعدی)یە و سەرەتای شیعرێکی کوردی خۆی دەست پێ کردوە. هەروەها (مەولانا خالدی نەقشبەندی) لە شیعرێکیدا بەفارسی دەڵێت:

«گویند چوب زاب بو دپرورش پذیر
اورا ازان خرونبرد آب خوشگوار»(*)

(*) یادی مەردان. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بەرگی یەکەم ل٥٢١.

***

## ناڵەی پیران

## ٢٨

١٩٣٨

خوایە من زۆرجار دێمە سەر ئەوە
ئەوەی ئەیبینم پێی بڵێم خەوە
هەموو کردەوەی تۆ عەدالەتە
هەموو دەورێکیش زاڵم، ئالەتە!
تا یەکێک نەدەی بەکوشت بەوی تر
کەس کورسی جاهی بۆ نابێ ئیتر
تا لەقە نەدات بەدارا یەکێ
تۆو بۆ ئەوانەی ژێر دار ناتەکێ
بە دیمەن ئەمە عەدالەت نییە
بەڵام بەمەعنا کەچ دیدەنییە
ئێمە تێناگەین لە ئەسراری غەیب
هەر خۆت ئەیزانی حاکمی بێ عەیب
غەیری تۆ حاکم کێیە دائم بێ
تا ئەبەد لە شوێن خۆیدا قایم بێ
هەموو حاکمێک تابعی ئەمرن(١)
یا عەزل ئەکرێن یاخو هەر ئەمرن
کەس لەتۆ ناکا و، تۆ لە کەس ناکەی
ئەو خوداوەندە، گەورە و بێ باکەی



ئەزەلییەتت سەرەتای نییە
ئەبەدییەتت مونتەهای نییە
شوێن ئەزەل کەوتین هەر سەربەرەوژوور
گەردی ڕێگەشمان نەئەدی لە دوور
گەڕاینەوە سەر ئەبەد سەرەوخوار
لەڕێدا گوم بووین کەوتینە هاوار
داد لە دەست سڕی عیلمی ئیبتیدا
بێداد لە ڕشتەی توولی ئینتیها(٢)
کەوا بوو ئێمە ڕەخنەی چی بگرین
ئێمە نازانین خۆمان کەی ئەمرین
کە زیندەگیمان بەئەمری تۆ بێ
پیشەمان بۆچی هەر چڵ و چۆ بێ
لوتف دەربارەی خراپ بنوێنی
ماڵی هەژاری پێ بڕووخێنی
ئەگەر بێت کەسێک بڵێ: چی ئەکەی؟
بە زاڵم دەڵێی تێی هەڵدە سا دەی
ماڵ ماڵی خۆتە و بەندە بەندەی خۆت
چی دەکەی بیکە خۆ وا لواوە بۆت
(لایسأل) بووە بەقفڵی دەممان
هەڵدەکەین لەگەڵ شعووری کەممان
بەڵام خۆت سەرمان بشکێنە بەبەرد
مەمانخەرە دەست هەتیوچەی نامەرد(٣)
پیرێژن ئەڵێت: خوا خەتا پۆشە
هەرچی لای خواوە، بێ پێمان خۆشە

---

(١) لەو بەیتەدا دووجار -هەموو- نووسرابوو واتە لە نوسخەی م.هـ دا
«هەموو حاکمێک تابعی ئەمرن
یا عەزل ئەکرێن یا هەموو ئەمرن»
بەڵام ئەوی ئێمە نووسیمان ڕاستیەکەیەتی لە ژینی ژمارە ٥٤٨ی ساڵی ١٩٣٨ دا.
(٢) قافیەی ئەو بەیتە لای م.هـ بریتی بوو لە (ئیبتیدا، مونتەها) بەڵام لە ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو، ئیبتیدا، ئینتیها.
(٣) لای م.هـ ئەو بەیتە لە شیعرەکەدا نەبوو. بەڵام لە ڕۆژنامەکەدا پیرەمێرد خۆی بڵاوی کردبووەوە.

## مانگی ڕۆژوو

### ٢٩

مانگی ڕۆژووە بەچلەی هاوین
ئاگری جەهەننەم پێی ئەبێ، بێ تین(١)
ئەوی بەڕۆژوو ئەبووڕێتەوە
دەرگای بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوە
لێوی ڕۆژوەوان کە بەڵغ ئەگرێ
پەردەی قاپی خوای بۆ لا ئەبرێ
کە دەست و دەم و زمانت پاراست
ئەوسا ئەتوانی بڵێی ڕۆژووە و ڕاست
خۆت برسی بیت و هەژارت تێرکرد
ئەوسا بزانە ئیمانت دەربرد
ڕۆژوو پەیڕەوی ڕێی یەزدانییە
وەک نوێژ و ڕۆژوو ڕیایی تیا نییە

(١) لای م.هـ نووسرابوو ئاگری جەهەننەم پێی ئەبێ، بەتین کە دیارە ئەوە پێچەوانەی مەبەستەکەی پیرەمێردە و ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە نووسیمان.

***

## ئەو عەشقە

### ٣٠

١٩٤٧

ئەو عەشقەی لەگەڵ جنسی بەشەرە
بە هەوای نەفسە، دوایی بەشەڕە
خۆشەویستی خوا، کە بەگیان بەندە
وەک شەراب هەتا کۆن بێ پەسەندە
ئەو سەرمەستیەی کە لە ڕۆحا بێ
دڵ ئاوا ئەکا، هەر چەند ڕووخابێ



کە یادی خودا، هاتە دڵەوە
بەسۆز و ناڵە و جۆش و کوڵەوە
ژەنگی دڵ لەگەڵ فرمێسکی چاوا
پاک ئەکاتەوە و ئەیدا بەئاوا
دڵ پاک بێتەوە و ژەنگی نەمێنێ
عەرشی کردگار یەکسەر ئەبینێ
های لەو خۆشیە و لەو لیقای خوایە
سەڵتەنەتێکی ئەوتۆی تێدایە
شا بەسەپانی خۆی ڕاناگرێ
ئەم ڕووی زەمینە بەفلسێ ناکڕێ
ئنجا با خاوەن پایەی جیهانی
بتوانێ شانی بدا لە شانی
ئەوانەی کەوا بەمەسنەت بایین
لەگەڵ چەرخ(١)گۆڕڕا، گشت چەرخی(٢)یابین
خوایە شوکرانەی تۆ تەواو ناکەم
لە سایەی تۆوە من ئەو بێ باکەم
کە ئەم فەلەکە پێی نەڵێم وەلەک
شەکری چاییشم بووە بە(بەلەک)(٣)
هەر لە ژوورەوەم هاوین و زستان
هەرچی ئازایە بۆم بێتە مەیدان(٤)
جلی هاوینەم گۆڕی زستانە
ئەویش هی خەڵکە وا پێنجساڵانە(٥)
زۆر جل و بەرگی تازە ئەبینی
لەشی لەش پیسی تێدا نهێنی
کە مەرگ ئەو بەرگەی لێ ئەکاتەوە
تاتەشۆر لەشی پاک ئەکاتەوە

(١)چەرخ: ڕۆژگار، سەردەم.
(٢) چەرخی: جۆرە پارەیەکی کاتی دەوڵەتی عوسمانی بووە بەرامبەری بیست فلس بووە. واتا کە ڕۆژگار گۆڕاو وەرچەرخا هیچ کامیان یەک چەرخی ناهێنن.

(٣) مامۆستا م.هـ دەربارەی (بەلەک) دەنووسێت! لە شەڕی جیهانی دووەمدا فریای ئەوە نەدەکەوتن کە لە شوێنی خۆیدا شەکر بپاڵێون و سپی بکەن، بەڵکو هەر بەزەردی ئەیاننارد و تامی لە شیرینیی ڕەگی بەلەک ئەچوو. لای خۆمان ئەو سەردەمە تەموین ئەو جۆرە شەکرەی دابەش ئەکرد.

(٤) پیرەمێرد وەک لە زۆر شوێنی شیعر و پەخشانەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە هەمیشە و چوار وەرزە لە ژووری قەلەندەرخانەکەیدا بووە.

(٥) مامۆستا م.هـ لەم بارەیەوە نووسیویە: لام وایە ئەو قاتە جلەی کە پیرەمێرد لەو دێڕەدا باسی ئەکات ئەو چاکەت و پانتۆڵەیە (بەهائەددین نووری) کە متصرفی سلێمانی بوو لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣ دا پێشکەشی کردووە بەپیرەمێرد و قاتێکیش بۆ (بێکەس) بۆ تەقدیریان.

***

## (ناسینەوەی شیعری چەند شاعیرێک لە شیعرەکانی پیرەمێرددا و ئەو شیعرانەی کە پیرەمێرد وەری گێڕاون)

«ئەم بەشە بریتییە لە دەستنیشان کردن و نووسینەوەی دەقی ئەو شیعرە فارسی و هەورامییانەی کە پیرەمێرد وەری گرتوون و وەری گێڕاون، لە کاتی خۆیدا پیرەمێرد ئاماژەی بۆ ناو و شیعری شاعیرەکە کردووە و مامۆستا محەممەد ڕەسول هاواریش پەیڕەوی ناوبردنەکانی پیرەمێردی کردووە. بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو شیعرانە لە کاتی خۆیدا نە پیرەمێرد ئاماژەی بۆ ناوی شاعیر و شیعرەکە کردووە، واتە وەک شیعری خۆی بڵاوی کردوونەوە و نەمامۆستا هاواریش بۆیان گەڕاوە هەتا ناوی شاعیر و دەقەکان بدۆزێتەوە، بۆیەکا لە دیوانەکەیدا وەک بەرهەمی پیرەمێرد ناسراوە.

ئێمە پاش هەوڵ و بەشوێندا گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر توانیمان ئەم کێشەیە ساغ بکەینەوە. هەروەها بەئەمانەتەوە ناوی ئەو بەڕێزانەمان هێناوە کە پێش ئێمە هەندێک لەو دەقانەیان دۆزیوەتەوە و لە جێگای خۆیدا دەقی کارەکانیانمان نووسیوە.

### (شیعرەکانی مەولەوی)(١)

یەکەم:

### هاودەمی فەرهاد(*)

١٩٣٩

هاودەمی فەرهاد، سەرکردەکەی خەم
ڕێنەکەوت خەمان، جەمکەین لەگەڵ خەم
«هیوایەکم بوو بۆم نەچووە سەر
ئەمویست بەبۆنەی بۆنکز بێ کەدەر»



«ئای بەو یادەوە ئێستەش سەرخۆشم
بەو شنۆی بایە، هێشتا مەدهۆشم»
کاتێک بەو گەردن زیوی سافەوە
وەک ئاسکی خوتەن بەبۆی نافەوە
«لەو توون بۆ ئەو توون گۆمەتەی ئەبەست
عەتر ئامێز بوو ڕووی کۆ و هەرد و دەشت»
ئەو بۆنە خۆشە، شەماڵ ئەیپەخشان
دەرمانی دەردی دووری ئەگەیان
پەردەی دڵتەنگی لا ئەبردەوە
هەردەم ژیانی نوێ ئەکردەوە
درەنگت پێ چوو، چەواشەی چەپگەرد
تەسەللایەک بوو، ئەویشی لابرد
ئێستا ئەو گەنجە، ئەو لار و لەنجە
بەسەر پەنجەی زۆر دڵت کرد ڕەنجە
ئای لەش پڕ برین، دڵ بەخەریکی
دیدار بەم دووری، مەرگ بەو نزیکی
ئەلای کێ بەرین، داخوازی تەدبیر؟
هەی داد لە تەدبیر، هەی ڕۆ لە تەقدیر
خۆ ئەم بەدبەختەی خۆشی نەدیوە
بەختی ڕەشی خۆی زۆرتر ناسیوە
لەم چارەنووسەی قوربانی دولبەر
نەک جارێک چوار جار (الله اکبر)
«لە گێژی دەریای ئاشووبی زەمان
بۆ کەشتی خەلاس ئەبووە بادبان»

..........................................

(١) ئەم ناسینەوە و ساغ کردنەوانە پەیوەندی بەشیعرەکانی ناو دیوانی (پیرەمێردی م،هـ)وە هەیە نەک شیعرەکانی کتێبی -ڕۆحی مەولەوی- کە پیرەمێرد خۆی لە ساڵی ١٩٣٥دا چاپی کردوە.
هەروەها سەبارەت بەژیان و شیعری مەولەوی تەماشای ئەم دوو سەرچاوەیە بکە:
١- دیوانی مەولەوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ١٩٦١ی زاینی.
٢- یادی مەردان: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لاپەڕە ٣٦٢ (یادی مەولەوی).

(*) ئەم شیعرە وەک دەبینی چواردە بەیتە. چوار بەیتی شیعری پیرەمێردە کە تێکهەڵکێشی کردووە لەگەڵی و دەبینی گۆڕینی شیعرێکی مەولەوییە بەناوی (خاڵوی مەنزڵ چی، سەرکردەکەی دەرد) وە لەلاپەڕە ٢١٥ی دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسدا بڵاوکراوەتەوە. لە لاپەڕە ١٨٨ی دیوانی پیرەمێردی نەمری محەممەد ڕەسول هاواردا ئەم شیعرە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە و نووسەر تەنها ئاماژەی بۆ نیوە دێڕێک کردووە کە پیرەمێرد لە مەولەوی وەرگرتووە کە نیوە دێڕی نەک جارێک چوار جار (الله اکبر)ە مامۆستا (عوسمان هەورامی) لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٨٤ ل٣٢دا ئەوەی دیاری کردووە کە ئەوە شیعری مەولەوییە و دەستنیشانی دیوانی مەولەوی و لاپەڕەکەی کردووە، بەڵام دەقی شیعرەکان و بەیتەکانی مەولەوی و پیرەمێردی جوێ نەکردۆتەوە و نەینووسیونەوە ئنجا ئەو بەیتانەی لەم دیوانەدا خراونەتە کەوانەوە شیعری پیرەمێردە ئەمەش دەقی شیعرەکەی مەولەوییە:

خاڵۆی مەنزڵچی، سەرکردەکەی دەرد
تەمام بەتۆ بی، ئای یە چێشت کەرد
وەختێ بەو گەردەن، سیم صافەوە
چون وەش غەزاڵان، وە بۆی نافەوە
دەورم دا وە پێچ، ئەو کاو و بەردە
بۆ پەخشانیش بێ، ئەی هەرد بەو هەردە
ئەو بۆ جەو تەرەف صوب نەسیم ماوەرد
هەر جە دوورەوە، زام سارێش مەکەرد
خەیلێ دێرت کەرد، ئافەرین چەپگەرد
بەو بۆ دڵشاد بیم، ئەویشت لابەرد
ئیسە ئەو گەنجە، بەو لار و لەنجە
ڕەنجە کەرد پەنجە، شی پەرێ (پەنجە)
ئێسە تەن وەی زام، دڵ وەی خەریکی
دیدار وەی دووری، مەرگ وەی نزیکی
ئەو لا کێ بەروون ئەی ڕاو تەدبیرە
ئاخ جەی تەدبیرە، داخ جەی تەقدیرە
خەیر، مەینەت زەدەی، جە گیان هەراسان
بەختە سیاکەی وێش، زووتەر ناسان
پەی فەنای ئەوهەم، جە دووری دڵبەر
نەک جارێ، چوار جار، الله اکبر

دیوانی مەولەوی – مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لاپەڕە ١٩٥

تکایە بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی هەر بەیتێک لە شیعرەکە تەماشای دیوانەکەی مەولەوی بکە. بەڵام ئەوی پێویست بێت سەبارەت بەموناسەبەی وتنی ئەم شیعرە، مامۆستا لە دیوانەکەی مەولەویدا وەهای باس دەکات:

لەم قەسیدەیەوە وا دەردەکەوێ کە لە لاواندنەوەی لاوێک لە شێخەکانی (پەنجە) و (پاپالە)دا وترابێ. ئەو لاوە کەوتبێتە خوار و لەشی تێکشکابێ و برابێتەوە بۆ ماڵ و لەوێ مردبێ، وە وا دەرئەکەوێ لەسەفەرێکی ڕاوا ڕووی



دابێ، وە مەولەوی بەم قەسیدەیە گلەیی لە کابرای بنەی ڕاوچییەکان بکا کە بۆچی ئاگاداری ئەو کوڕە نەبوو تا وای بەسەر هات.

هەروەها پیرەمێرد ئەم شیعرەی جارێکی تریش گۆڕیوە و لە ژینی ژمارە ٨٣٤ی ساڵی ١٩٤٦دا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم شیعرەی لەژێر ناوی (مەولەوی)دا بڵاو کردۆتەوە. ئەوا بۆ بەروارد ئەویش دەنووسینەوە:

«شۆخی دیدەبان، سەرکردەکەی دەرد
هیوام بەتۆ بوو، ئاخ هەناسەی سەرد
وەختێ بەو گەردن سیم سافەوە
وەک ئاسکی ختەن بەبۆی نافەوە
هەزارەت ئەکرد لەسەر شاخ و بەرد
پرچت پەخش ئەبوو لەم هەرد بۆ ئەو هەرد
ئەو بۆنە خۆشە شەماڵ ئەیهێنا
هێندە نەدەما دووری لەبەینا
چەپگەرد دەردێکی هێنا دەستوبرد
بەو بۆنە شاد بووم، ئەویشی لابرد
ئێستا ئەو گەنجە، ئەو لارولەنجە
پەنجەی ڕەنجە کرد بردی بۆ پەنجە
ئێستا لەش برین دڵ بەو خەریکی
دیدار بەو دووری مەرگ بەو نزیکی
هانا بەرمە کوێ بۆ ئەم تەدبیرە
ئاخ لەم تەدبیرە داخ لەم تەقدیرە
هەر چەندە لە کەس ڕام نەپرسیوە
بەڵام بەختی خۆم زۆرتر ناسیوە
مل کەچی تیغم لە دووری دلبەر
نەک جارێ چوار جار (الله اکبر)

***

## تێ چێن

لە دیوانی (ڕۆحی مەولەوی) پیرەمێرددا، دەقی هەورامی ئەم چوارینەیە نەنووسراوە و پیرەمێرد ناوی ناوە (تێ چێن) واتا شیعری خۆیەتی و لەگەڵ شیعری مەولەویدا تێ چێنی کردووە. بەڵام وەک ئەبینین چوارینەکە تەواو کاریگەری مەولەوی لەسەرە!

«وام زانی ئارەق خوێناوی دڵمە
زەدەی پەیکانی موژگانی دڵمە

وتم دڵ تامی زامی بردەوە
ئاخ بای باوەشێن ساردی کردەوە»

***

## بڵاوە کەوتە ناو هاوماڵانم

ئەم شیعرەی مەولەوی دەقەکەی لەلاپەڕە٥٤٠ی (دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا نووسراوە. پیرەمێرد دووجار گۆڕیویەتی بۆ سەر شێوەی سلێمانی، جارێک لە لاپەڕە ٢٢٣ی دیوانی پیرەمێردی م.هـ دا بڵاوکراوەتەوە بەناوی (وا دوا بەدوا) و مامۆستا هاوار بەناوی پیرەمێردەوە بڵاوی کردۆتەوە. جارێکیش پیرەمێرد لە ژمارە ٩٥٧ی ڕۆژنامەکەیدا (ژین) لە ساڵی ١٩٤٩ دا بەجۆرێکی جیاوازتر بڵاوی کردۆتەوە. بۆ ساغ کردنەوەی لێرەدا هەرسێ دەقەکە دەنووسین هەتا خوێنەر بەراوردەکەی بۆ دەرکەوێ:

شیعرەکەی مەولەوی:

یاران بەرشیەن جەی زێد و زامن
گرد تەفرەقە بێن چون خەیاڵی من
گەرد کۆچشان ئانا دیارەن
دەک لێلاویت بۆ چۆنت قەرارەن
سەنگی بارهۆش، پێش بار فامت
دەواری شادی چیخی ئارامت
لوان چەنی کۆچ، خاڵۆکەی هام فەرد
ئێستە بار وستەن نەهەوارگەی هەرد
تۆ چێش مەکەری کەم هۆشی کەم فام
پەرێ عەیب و عار مەندەنی جەلام
ساچەنی ئەرواح یاوە وەیاران
باتەن بۆ وەسەنگ مەندەی هەواران

دیوانی مەولەوی ل ٥٤٠

دەقی دیوانی پیرەمێردی م.هـ

### وا دوا بەدوا

وا دوا بەدوای یەک کۆچیان کرد ئاوەڵ
تەنها من ماوم پێم ڕۆچۆتە گڵ



یاران بەپەلی دەورانی دوژمن
بڵاوبوونەوە وەک خەیاڵی من
تۆزی دوای کۆچی ئەوان دیارە
بەو تۆزە چاوی دڵ بێ قەرارە
شوێن هەوارگەیان، کوچک و کەڵەکە
بەردی پڕ دەردی دەشتی فەلەکە
ئەو بەردە ڕەشەی کوچکی ئاگردان
هەم بەختی منە و یادی هام فەردان
بەوە تەسەللای دڵی خۆم ئەدەم
کەوتوومە دوایان بەماوەی زۆر کەم
ڕۆیین باشترە لە زویری و زاری
مەرگ لەگەڵ ئاوەڵ جەژنە و کەیفداری

لەو گۆڕینەی پێشوودا پیرەمێرد بیر و کەشی شیعرەکەی مەولەوی وەرگرتووە و خۆی دای ڕشتۆتەوە. بەڵام لەم گۆڕینەدا کە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوی کردۆتەوە خۆی بەستۆتەوە بەدەقی شیعرەکەی مەولەوییەوە و (دە) بەیتی لەو دوانزە بەیتە گۆڕیوە وە لە دوای بەیتی دەیەمەوە هەتا بەیتی بیستەم واتە دە بەیتی دوایی ئەوە شیعری خۆیەتی و پەیوەندی بەدەقەکەی مەولەوییەوە نەماوە. پیرەمێرد ئەم جۆرە بۆ زیاد کردنی شیعرە گۆڕراوانەی زۆرجار پەیڕەو کردووە. دەقی گۆڕینەکەی شیعری مەولەوی و (دە) بەیتی دواییبەکەی خۆی:

بڵاوە کەوتە ناو هاوماڵانم
تەفروتوونا بوون وەک خەیاڵانم
کۆچیان کرد، ها، ها، تۆزیان دیارە
هاوار من جێمام لەم شوێن هەوارە
باری قورسی هۆش، پێش باری فامم
دەواری بەخت و چیغی ئارامم
هەمووم نارد لەگەڵ کۆچی خاڵۆما
مامەوە لە تەک تەنیایی خۆما
ئەگەر زوو نەگەم بەقافڵەی یاران
ئەبم بەکوچکی، مەندەی هەواران
دەردا کە مردم لە دووری ئەوان

دەرد بۆم ئەگەڕێ وەک ماڵ دزراوان
ساقی بەجوانی من تۆم نەدیوە
بەپیریش (بیر)ی بیرم تەپیوە
کەواتە ئێستا ، لەماوەی بەرزان
جامێکم بەرێ، بەڵام بەهەرزان
تینێ بخەرە جەرگ و هەناوم
لە کاروان بڕاو زۆر بەجێماوم
های تاکەی نووستن هەڵسە درەنگە
بەنووکی قەڵەم بۆ ئێل بجەنگە

***

## دوو بەیت لە شیعرێک

پیرەمێرد ئەم دوو بەیتەی دوایی شیعرێکی مەولەوی وەرگێڕاوە لە کاتی خۆیدا دەستنیشانی سەرچاوەکەی نەکردووە.

لێرەدا دەقی دوو شیعرەکە و گۆڕینەکە دەنووسین. وە تەواوی ئەم شیعرە لە دیوانی مەولەوی لاپەڕە ٣٣٠ بڵاوکراوەتەوە.

«خەستەی خاری خەم، خەم خەیاڵە ویم
وەکزەی دەروون، تەن زووخاڵە ویم
بێ ئەبرۆی هیلال، ئەو نیهالە ویم
نیەت نادروست عید بەتاڵە ویم

گۆڕینەکەی پیرەمێرد:

«خەستەی خاری خەم، دڵ مەلاڵە خۆم
بەکزەی دەروون، لەش زووخاڵە خۆم
بێ ئەبرۆی هیلال، ئەو نەوهاڵە خۆم
نیەت نادروست، عید بەتاڵە خۆم»

***

## بەندی خاوکەر

ساڵی (١٩٣٥) کە پیرەمێرد دیوانی (ڕۆحی مەولەوی) چاپکرد لە لاپەڕە ٣١٨-٣١٩ دا دەقی هەورامی شیعرەکە و گۆڕینەکەی خۆی بڵاوکردەوە. وە لەساڵی ١٩٤٦دا لە ژمارە ٨١٩ی (ژین)دا بەناوی بەندی خاوکەرەوە دوانزە دێڕی بڵاوکردۆتەوە کە هەر هەمان شیعرە بەڵام



ئاڵوگۆڕێکی کەمی تیادا کردووە. وە لەکاتی خۆیدا هونەرمەندی دەنگخۆش (ڕەشۆڵ) ئەم شیعرەی بەمەقامێکی خۆش دەگوت. لێرەدا دەقی شیعرەکەی مەولەوی و هەردوو گۆڕینەکە دەنووسین.

مەولەوی:

خەرامان ئاما نەتۆی پەردەوە
نیقاب جەصەفحەی جەمین کەردەوە
چیهرەی دڵەی زار خووی گەرمی پێدا
عەکسش هوەیدا منمانا تێدا
باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێ گەرد
نازکیش جەباد ئیحتیاط مەکەرد
نەتۆی ئاینەی جەمینی چون گوڵ
کەم مەکەرد نم نم خووی ڕوخساری دڵ

وەرگێڕانی یەکەم: ١٩٣٥

خەرامان دەرکەوت لە توێی پەردەوە
نیقابی لەسەر ڕووی لابردەوە
دڵەی من نیشتە سەر ئارەق وەک ئاو
عەکسی ئەوی تیا دیاری دا تەواو
هێندە نازک بوو بە بای باوەشێن
سەر کوڵمی ئاڵی پڕ ئەبوو لە خوێن
لە توێی ئاوێنەی ڕوخساری وەک گوڵ
وشک ئەبووەوە ئارەقەکەی دڵ

گۆڕینی دووەم: ١٩٤٦

بەڕێکەوت دەرکەوت لە گۆشەی ڕەشماڵ
وەک مانگ لە هەورا بنوێنێ جەماڵ
کاتێ نیقابی حیجاب ئەپۆشێ
بە نیگای خەیاڵ گۆنای ئەڕوشێ
هێندە ناسک بوو بەبای باوەشێن
سەر کوڵمی ئاڵی پڕ ئەبوو لە خوێن
ئارەقی دڵم ئەمەندە سەرکەوت
ئەو شێوە جوانەی ئەوی تیا دەرکەوت

وتم: ئۆخەی، ئەم ئارەقی گوڵە
خوێناوی تیری موژگانی دڵە
وا دڵم تامی زامی بردەوە
ئاخ بای باوەشێن ساردی کردەوە!

***

## لەفەیزی مەولەوییەوە بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح

م. نووری

«مامۆستای سەرئێل»

پیرەمێرد لە کاتی خۆیدا ئەم شیعرەی مەولەوی وەرگێڕاوە و لە (ڕۆحی مەولەوی)دا لە لاپەڕە ٣٣٧-٣٣٩ دا بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها لە ژمارە ٤٣١ی (ژین)ی ساڵی ١٩٣٥دا لەژێر ناوی (لە فەیزی مەولەوییەوە بۆ شێخ نووری) بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام ئەمجارە لەشەش بەیتەوە بوو بەهەشت بەیت، واتە پیرەمێرد دوو بەیتی خۆی تێهەڵکێش کردووە و لە چەند جێیەکدا دەستکاری دەقەکەشی کردووە. بۆ بەراورد هەرسێ دەقەکە دەنووسین و دوو بەیتەکەی پیرەمێردیش دەستنیشان دەکەین: هەروەها لە نووسینەوەی هەموو دەقە هەورامیەکاندا پشتمان بەدیوانی مەولەوی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) بەستووە.

مەولەوی:

مامۆستای سەرئێل، شیرین کەلامان
تەشریفی خەیرت، باوەر وەلامان
نە شنۆی بەدکار، نەبۆی بەدوازەن
وەحشیان هەم ڕاز، تەیران دەم سازەن
شەتاوان چوون سەیل دیدەمەن جاری
پێچ مەدان چەنی زامانی کاری
تۆ نە سەرگوزەشت سزای دەردی لەیل
من نە حیکایەت ئازیزی بێ مەیل
ساتێ پەی وێما بنیشمێ وەشاد
بەو ڕازانەوە خەم بدەین وەباد
تا فەڵەک دیسان نەی ڕاگوزەردا
بوینمێ چێششی هانە ژێر سەردا

(دیوانی مەولەوی مەلا - عەبدولکەریمی مودەریس) لاپەڕە ٣٩٧



گۆڕینی یەکەم:

مامۆستای سەرئێل شیرین کەلامان
تەشریفی خێرت بێنەرە لامان
نە شنۆی بەدکار نە ڕێی بەدخواهان
وەحشیان هەمڕاز تەیران هەمراهان
شەتاو وەک لافاو دیدەی من جاری
پێچ ئەدا لەگەڵ، برینی کاری
تۆ لەسەرگوزەشت، سزای دەردی لەیل
من لە گلەیی ئازیزی بێ مەیل
ساتێ بۆ خۆمان دانیشین بەشاد
بەو وردە ڕازە، خەم بدەین بەباد
تا فەلەک دیسان لەڕێ گوزەردا
ئاخۆ چی تری وا لەژێر سەردا؟!

گۆڕینی دووەم: ئەو دوو بەیتەی خراوەتە کەوانەوە شیعری پیرەمێردە بۆ م. نووری شویاتی ١٩٣٥

مامۆستای سەرئێل شیرین کەلامان
دەمەو بەهارە، فەرمووە لامان
«وام بەگەردەکەی سۆفی یارەوە
دوورم لە یاری، دڵ ئەغیارەوە»
نەشنۆی بەدکار نەبۆی بەد خواهان
نە تانەی وەزیر، نە حوکمی شاهان
ئاوی ساف وەک سەیل دەدەی من جاری
ڕوو لە دجلەکەی، مەیل نادیاری
وەرە، هەردووکمان بینە هام فەرد
تۆ، دڵ بەسزای لەیلت پڕ لەدەرد
«من بەئەفسانەی وەتەن خواگرتوو
بە ڕەنجەڕۆیی لە جیهان بووردوو»
ساتێ بۆ خۆمان، بنیشین بەشاد
بەهامڕازی یەک خەم بدەین بەباد

بزانین فەلەک ئەمجارە چیمان
بۆ تەرتیپ ئەدا و دێنێتە ڕێمان

***

## سەرداری زومرەی فەلاکەت کێشان
## بۆ مەحموود جەودەت

پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی مەولەوی وەرگێڕاوە. جارێک لە ساڵی ١٩٣٥ دا تەواوی شیعرەکەی لە (ڕۆحی مەولەوی)دا بلاوکردەوە. وە لە ساڵی ١٩٣٧ بەهۆی لە سێدارەدانی نیشتمانپەروەر (مەحموود جەودەت)ەوە جارێکی تر بلاوی کردەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەتا بەیتی چواردەهەم (جگە لە بەیتی ٦-٧) وەرگێڕاوی شیعری مەولەوییە و لەوە بەدوا هەتا کۆتایی شیعرەکە شیعری پیرەمێرد خۆیەتی. وە بێ ئەوەی مامۆستا م.هـ دیاری بکات لە دیوانەکەدا بەناوی پیرەمێردەوە دایناوە. هەروەها پیرەمێرد مەبەست و مانای شیعرەکەی لە لاواندنەوەوە گۆڕیوە بۆ بیری نیشتمانیی. بەم جۆرە سێ دەقی شیعرەکە دەبێت بخەینە پێش چاو. هەورامییەکەی مەولەوی و هەردوو گۆڕینەکەی پیرەمێرد. هەروەها لەپێش ئێمەدا لە ژمارە ٩٥ی گۆڤاری (بەیان)ی ساڵی ١٩٨٤ دا مامۆستا عوسمان هەورامی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو شیعرەی لاپەڕە ٣١٤ی دیوانی پیرەمێرد بەشێکە لە شیعرێکی مەولەوی بەڵام مامۆستا دەقی شیعرەکان و دەستکاری و تەواوکردنەکەی پیرەمێردی نووسیوە. ئێمە لێرەدا بۆ بەراورد دەینووسین.

مەولەوی:

سەردار زومرەی، مصیبەت کێشان
فەرمان فەرمای مولک، دەروون پڕ ئێشان
بادەی خەم وەردەی، مەرگ ناکامان
زام ناسۆر کەفتەی، دەروون پڕ زامان
پەردەی دڵ وەنێش، مەودای خەم پارە
چار نەبەردەی دەرد دڵەی بێچارە
وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوست چوون تاو، ئەوەڵ بەهاران
بۆی کزەی کەواو، جەرگم چوون جاران
هەم، وەی، تەم مەوست، ئەو ڕووی ستاران
بۆ پرووز جەرگ، قرچەی پارچەی دڵ
بۆی هوون جۆشیای، دەروون پڕ چقڵ



ئێد چون تۆف سەخت تەم وست ئەو کووان
ئەو وێنەی لافاو، باڵای تۆ ڕەوان
هەناسەی سیای، سەرد دڵسۆزی
بەردم دا وەبەرد (برد العجوز)ی
یانێ نامەکەی، خەم ئینشا کەردە
مەرقووم قەڵەم، وە خەم شەق وەردە
شۆڵەدا وەگڕ شەرارەی نارم
دەمیا و جۆشدا دڵەی خەمبارم
من وەرجە ئامای نامەی زگاریت
زووتەر جە خەبەر کۆس دیاریت
خاترم چەند ڕۆ خەستەی خەمان بی
چەمانم چوون تاف، صاف چەمان بی
جە ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی
شادیم شێویا شینم سەد تەرز بی
شەمع شام شووم، ماتەم هۆر گڕیا
تای تەل سەمتوور، شادی و زەوق بڕیا
شای شادیم شکیا، سوپای خەم جەم بی
بەیداخ دەماخ، شێوەی ماتەم بی
دەخیل بیم وە نوتق، خەمان لاڵ کەردەم
لالام جە خەیاڵ، خەم غارەت بەردەم
نامەرد، یەوادەی شین بێ شۆمەن
هیچ کۆسم نیەن، یەکۆس نۆمەن
سادەی، هەی پەی کەی هەریەک جەلایێ
باوەڕین ئەوساز شێوەن صەدایێ
خەیاڵ غەمگین بی، نوطق ئاما وەدەنگ
ئێد موات وە سۆز زایڵەی صەد ڕەنگ
ناکام ئەیام کامەرانیم ڕۆ
بەر نەوەردەی باغ، نەوجوانیم ڕۆ
...هتد...

پیرەمێرد: گۆڕینی ساڵی ١٩٣٥ (ڕۆحی مەولەوی)

سەرداری زومرەی، فەلاکەت کێشان
فەرمان، فەرمای موڵک، دەروون پڕ ئێشان
بادەی خەم خوردەی، مەرگی ناکامان
برینی ناسۆر، دەروون پڕ زامان
پەردەی دڵ بەئێش، دەروون خەمبارە
دەردی بێ دەوای، دڵەی سەد پارە
وەختێ لافاوی، چاوی پڕ باران
جۆشا وەک تاوی، ئەوەڵ بەهاران
قرچەی کەبابی، جەرگم تەمی کرد
بەری ئەستێرەی، ئاسمانی گرت
هەناسەی ڕەشی، ساردی دڵسۆزی
بەری دا لەبەرد (برد العجوز)ی
یەعنی نامەکەی، غەم ئینشا کردوو
زادەی قەڵەمی، بەغەم شەق بردوو
شوعلەی دایە گڕ، شەرارەی نارم
بە مووشەدەمەی، دڵەی غەمبارم
من لەپێش ئەوەی، کە نامەی تۆ بێ
بەر لەو خەبەرە، کە کۆستی نۆ بی
چەند ڕۆژێ دڵم، تەنگ و گیرا بوو
چاوم دەفڕی و گریانی تیابوو
کاغەزەکەت هات ئینجا بەیەقین
شاییم لێ گەڕا، بەچەمەری شین
چرای ئێوارەی، شادیم وەرگەڕا
تەلی سەمتووری، شەوق و زەوق بڕا
شای شادیم شکا، ڕووی کردە فیرار
بەیداخی شادیم، کەوتە نیوەی دار
دەخیل بووم بەنوتق، دەنگی لێ نەهات
هانام بردە بەر، خەیاڵ ئەویش مات



بە پرووزی جەرگ قرچەی پارچەی دڵ
بەجۆشی خوێنی، دەروونی پڕ چڵ
ئەم وەک طەوفی سەخت، تەمی سەر کێوان
ئەو لافاو قوڕی، کرد بەقوڕ پێوان
نامرادان وادەی، شینی بێ شوومە
کەسم نەمردووە، وا کۆستی نۆمە
سا دەی شین بۆ کەی؟؟ هەریەک لەلایێ
بینێنە جونبوش، گریە و صەدایێ
خەیاڵ غەمگین بوو، نوتقم هاتە دەنگ
ئەیلاواندەوە، بەسۆزی سەد ڕەنگ
ناکامی ئەیام، کامەرانیم ڕۆ
بەر نەخواردووی باغ، زیندەگانیم ڕۆ
...هتد...

گۆڕینی سێیەم:

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٣١٤ی (دیوانی پیرەمێردی محەممەد ڕەسول هاوار) دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئاماژەی ئەوە نەکراوە کە چوارده بەیتی جگە لەبەیتی ٦، ٧ گۆڕینی شیعرێکی مەولەوییە و هەر بەناوی شیعری پیرەمێردەوە بڵاوکراوەتە.

## بۆ مەرگی مەحموود جەودەت

١٩٣٧

سەرداری زومرەی، فەلاکەت کێشان
فەرمان، فەرمای موڵک، دەروون پڕ ئێشان[1]
بادەی غەم خوردەی، مەرگی ناکامان
برینی ناسۆر، جەرگی پڕ زامان
پەردەی دڵ بەئێش، مەودای غەم پارە
دەرد لە بانی دەرد، دڵەی ئاوارە
وەختێ لافاوی، چاوم وەک باران
تەمی ئەبەستە، سەر ڕووی ستاران
هەناسەی سیام، لەبۆ کرووزدا
بەردی دا بەڕۆح (برد العجوز)دا

«دەرامەتیەکەی، ئازیزم دەرکەوت
بارانی گریەی، یارانم بەرکەوت»
«خۆ من دەمێک بوو، چاوم ئەفڕی
فرمێسکی خوێنم، لە چاو ئەسڕی»
خاترم چەند ڕۆژ، خەستەی خەمان بوو
چاوانی سەرم، وەک چاوان وابوو
ئەمجا واوەیلا و، چەمەرەم بەرز بوو
ژیانم شێوا، شینم لا فەرز بوو
چرای ڕووناکیم لێ کوژایەوە
دەرگای ژیانم داخرایەوە
شای شادیم شکا، ڕووی کردە فیرار
بەیداغی شادیم هاتە نیوەی دار
بێ پەروا نالاَم، بەلاوانەوە
کەوتمە شیوەنی ناو لاوانەوە
ئەم چەند شیعرانەی ئەخوێند بەگریان
دڵی دڵبەردی، ئەکرد بەگریان
ناکامی ئەیام، کامەرانیم ڕۆ
بەر نەخواردووی باغ، زیندەگانیم ڕۆ

لێرە بەدواوە دەبێت بەشیعری پیرەمیرد:

فیدای وەتەن و دڵسۆزی میللەت
نموونەی سەخا و ئازایی و غیرەت
سەر و ماڵی خۆی، بۆ ئێمە دانا
بە، بەدنمەکی نەمانوت: دانا
ئۆف ئاگرێ لەناو جەرگا ئەگڕێ
زوبانم سووتا و قسەم بۆ ناکرێ
نازانم پیشەی مەردی تەق و کەم
بەیادی چارەی جەرگی سووتاوکەم
وا من تای تاری شیعرم بڕاوە
شەوی تارم هات، نۆرەم تەواوە



دەردی مەرگمە، ڕۆینم دیارە
توخوا سا ڕەشۆڵ نۆرەی قەتارە
هەی ڕۆ ڕۆیەک بکە، بلاوێنەوە
سەنگی سەختی دڵ بتاوێنەوە
سەرسامی ماتەم، زمانی بەستووم
پەکی زایەڵەی مەرسیەی خستووم
لام ئاشکرایە، کە ئیتر ئەمرم
ئاگر بەربۆتە تۆماری شیعرم

..........

(١) لای م،هـ بەهەڵە نووسراوە: فرمانی ملک دەروون پڕ ئێشان.

***

## سۆزی پیرەمێرد

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٤ی (دیوانی پیرەمێردی نەمری محەممەد ڕەسول هاوار)دا بەشیعری پیرەمێرد ناسراوە و هیچ شتێک لەبارەیەوە نەنووسراوە. بەڵام ئێمە ساغمان کردەوە کە لەو چواردە بەیتەی شیعرەکە هەشت بەیتی یەکەمی شیعری (ئەحمەد بەگی کۆماسی)یە. بەیتی نۆیەم شیعرێکی (مەولەوی)یە. ئەو پێنج بەیتەی دواییشی شیعری پیرەمێردە. واتا پیرەمێرد لە کاتی گۆڕینی شیعرەکەدا شیعری خۆی و مەولەوی تێکەڵ کردووە. بێ ئەوەی دەستنیشانیان بکات و بێ ئەوەی مامۆستا هاواریش لە دیوانەکەیدا ئەمەی ئاگا لێ بووبێ. ئێمە لێرەدا دەقی هەورامی شیعرەکەی کۆماسی و گۆڕینەکەی پیرەمێرد دەنووسین کە نەجمەددین مەلا لە کەشکۆڵی (حەمەساڵح ئاغای قزلجی)دا لە لاپەڕە ٩٦دا بۆی تۆمار کردووین.

لەلایەکی تریشەوە، شیعری دیوانەکەی م.هـ دەنووسینەوە و لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بۆ شیعرەکانی کۆماسی و مەولەوی و پیرەمێرد دەکەین. هەروەها ئەم شیعرە (هەورامی)یەکەی لە دیوانی مەولەوی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)دا لە تیپی (پ)دا بەشیعری مەولەوی ناسراوە و چاپکراوە. بەڕای من کە ئوسلوبی شیعرەکە و دەستپێکردنی لەهی مەولەوی ناچێت و بە بەڵگەی دەستنووسەکەی مامۆستا نەجمەددین مەلا بەشیعری کۆماسی دەزانم. هەروەها مامۆستا (عوسمان هەورامی) لە بەیانی ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٨٤دا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەوە شیعری (کۆماسی)یە و دەقی هەورامییەکەی لەبەر دیوانی مەولەوی نووسیوەتەوە و گۆڕینەکەی پیرەمێردی نووسیوە. لە کەشکۆڵە دەستنووسەکەی (کۆماسی)دا لە لاپەڕە ٩٦دا نەجمەددین مەلا بەم شێوەیە هەردوو دەقە وەرگێڕاوەکەی نووسیوە کە دیارە گۆڕینەکە لە کاتی خۆیدا هەر پیرەمێرد خۆی بلاَوی کردۆتەوە.

***

## ئەحمەد بەگی کۆماسی

ئەم شاعیرە لەتەک مەولەوی، هاو زەمانن، لەگەڵ یەک شەڕە شیعریان کردووە[(١)] حاجی قادری کۆیی، ئەڵێ:

دوو وەحیدن محەممەد[(٢)] و ئەحمەد[(٣)]
یەکی (کۆماسی)یە، یەکێ (دەربەند)

***

«پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن[(٤)]
دووریت ڕیشەی دڵ، خەیمە کەن کەردەن
فیراقت فەرقم، وە تووتیا کەرد
جیاییت ئازام جەهەم جیا کەرد
وەسواسەت وەی تەور، ئێش دان وە جەرگم
وە مەرگت قەسەم، ڕازیم وە مەرگم
وێت بدەر ئینساف نەو نەمام نۆ
مەردەن خاستەرەن، یاخۆ دووریی تۆ؟
مەردەن یەک ساتەن، ئەڕواحەکەی وێم
دووریت هەرساتێ سەد مەرگەن پەرێم
مەر جەستەی خەستەی من جە فۆلادەن
بەند دووریت وینۆ هێمان دڵشادەن
دەک ڕەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران
خسوسەن ئەو کەس، شای وەفاداران

---

(١) ویستوویە بڵێ شیعری دۆستایەتی خۆشەویستیان بۆ یەک ناردووە.

(٢، ٣) مەبەست لە حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە و ئەحمەد بەگی کۆماسییە.

(٤) دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ل١٠٨-١٠٩.

گۆڕینەکەی پیرەمێرد:

لەحەد دەرچووە،...

دووری تۆ هێجگار لەحەد دەرچووە
پەژارەت شادی لە دڵدا نەهێشت
ڕۆحم عەزابی جەهەننەمی چێشت
فیراقت فەرقی کرد بەتووتیا
ئەعزام بەعەزاب لێک بوونەوە جیا



تیرێکی وەهات داوە لە جەرگم
بەمەرگت قەسەم ڕازیم بەمەرگم
توخوا خۆت بڵێ نەونەمامی نۆ
مردن خۆشترە یاخود دووری تۆ
ساتێکە و جارێک ئاکامی مردن
دووریت ساتێکی مەرگێکە بۆ من
بۆچ جەستەی خەستەی من لە پۆڵایە؟!
بەگورزی هیجران هیچی لێ نایە
قەبرت پڕ نووربێ شای سینە سافان
میرزا یاقووبی ئەدیبی جافان
شیعری دڵسۆزیت حەسبی حاڵمە
وێردی زوبانی بەستە و لاڵمە
چەرخی چەپ بۆ من چنیویە کەڵەک
من بەردم داوە لە شووشەی فەلەک؟!
ڕەهەندەی کردم لە ڕووی بەهانە
گاهێ (ئەسفەهان) گاهێ بۆ (بانە)
فرسەتم نادا ساتێ بتبینم
تۆزی بەرپێکەت بەچاوما بێنم
یا شەرحی شەوی دووری دووبارە
عەرزکەم بۆ تەسکین، دڵەی ئاوارە!
دووریت ئاگری بەردایە ناو جەرگ
خوایە یا ویساڵ یا تاقەت یا مەرگ

گۆڕینی دووەمی پیرەمێرد:

«هاوار تێپەڕی، هاوار تێپەڕی
دووری باڵاکەت، لەحەد تێپەڕی
پەژارەت هێزی، لە ئەژنۆم بڕی
لە هێلانەی دڵ، شەوقی دڵ فڕی
فیراقت فەرقی، کرد بەکۆی مەفرەق
دڵ بەشەوقی غەم، وەک شەبەق بوو شەق

تۆ جویێ بوویتەوە و، گیان جیا بووەوە
ڕۆژی ڕووناکم، تاریک بووەوە
تیرێکی وەهات، داوە لە جەرگم
بێزارم لە ژین لام خۆشە مەرگم
تو خوا خۆت بیڵێ نەونەمامی نۆ
مردن خۆشترە یاخود دووری تۆ
مردن جارێکە و زوو ئەبڕێتەوە
دووریت دەردێکە، ئەتەنێتەوە
«ڕەنگە جەستەی من، شووشەی پۆڵا بێ
هێند بیرەنجێنن، هێشتا هەر مابێ»
«چەرخی چەپ کردار خستوومیە سەما
وەک بەردم دابێ لە شووشەی سەما»
«نایەڵێ ساتێک بسرەوم بۆ خۆم
ئەمە ساڵێکە من چاوەڕێی تۆم
با شەوێک لەلات دەردم هەڵڕێژم
تامی شەکەری ڕازت بچێژم
ئنجا بشمرم هیچ باکم نابێ
گەرمە گۆڕمە، نان و کەبابێ
ئێستا لە داخا، هیچم پێ ناخورێ
نەوسن چۆن بەرگەی برسێتی ئەگرێ
«دوو شتە ڕێگەی ڕزگاری من بێ
یا یار هی من بێ، یا یار هێمن بێ!»

مەولەوی:

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین
شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین
شکۆفەی باخچەی پیری سفیدەن
سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئێدەن
نە باخچەی سونبوڵ تار مودی تاردا
سپی شکۆفەی پیریم دیاردا



باقەی زوێری و زاری و دڵگیریم
پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم
ئاخر ڕۆی وەهار نەوجوانیمەن
ئەوەڵ ڕۆی پایز زیندەگانیمەن
هەناسەم چون بای خەزان مەخێزۆ
پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزۆ
خەدەنگ باڵام چەمان کەمان وەرد
ڕاست وە نیشانەی فەنا ڕوو ئاوەرد
کەم کەم پیری خەم، وەقامەت مدۆ
دەم دەم وەعدەی ڕۆی قیامەت مدۆ
پیری یەکسەر زۆر جەزانووم سەندەن
سەر وەگەردندا هەر وە زۆر مەندەن
ساقی پام بەستەی، زنجیر پیرین
دەسم دامانت وادەی دەسگیرین
چابووک بەو ڕەفتار بێ درەنگەوە
خەرامان بەو ناز باڵای شەنگەوە
جامت جەم ئاسا لەبڕێز کەر جەمەی
پێم نۆش کەر وەیاد بەزم ئاراکەی
مەستی وە پیران، جوانی مدۆ
هێز دووبارەی زرانی مدۆ
پێم دەر تا پەی پێوە هەی کەروون
ڕای سەخت سارای مەحشەر طەی کەروون
هتد...

پیرەمێرد بەیتی هەشتەم و نۆیەمی ئەو شیعرەی وەرنەگێڕاوە و شیعرەکە خۆی بیست بەیتە، لەو بیست بەیتە پیرەمێرد دوانزەی وەرگێڕاوە. ئنجا شیعرە وەرگێڕاوەکە دەنووسین و سێ بەیتەکەی پیرەمێرد لەناو کەوانەدا دیاری دەکەین.

خەدەنگی باڵام، وەک کەمان خەم بوو
ڕوو لە نیشانەی ئەو دنیایەم بوو
سامی وا پیری لێم بوو بەزنجیر
دەستم داوێنت تەنها تۆی دەستگیر

زووکە بەلەنجەی بێ درەنگەوە
بە ئاڵ و والای باڵای شەنگەوە
بەجامی جەمی جەمسەری سەرجەم
ڕەگی ئەندامم تێک بەستە بەهەم
وام گورج کەرەوە بەمەستی جوانی
تازە کاتەوە ئەم پیرەی فانی
پێم بدە تا پێم هێزی پێ پەی کا
بێ وچان پلەی ڕێی مەحشەر تەی کا
«ئاخ ڕەشۆل ساتۆش بەقەتارەوە
تا دەمرم خۆتم لێ مەشارەوە»

***

## گیانە دڵەکەم

## ١٩٤٣

پیرەمێرد ئەم شیعرەی مەولەوی دووجار وەرگێڕاوە. گۆڕینی یەکەم زۆر لە دەقەوە نزیکە و ئەوەی دووەم هەندێ دەستکاری تێدا کردوە. لێرەدا هەردوو وەرگێڕانەکە و دەقی شیعرەکەی مەولەوی دەنووسین.

هەروەها مامۆستا محەممەد ڕەسول هاواریش لە لاپەڕە ١٩٧ی دیوانی پیرەمێرددا هەردوو وەرگێڕانەکە و دەقەکەی مەولەوی نووسیوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەقی هەورامییەکەدا هەندێ هەڵەی تێدا هەیە، بۆ ئەمەش پەنامان بردە بەر دیوانی (مەولەوی) مامۆستا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) ل٥٤.

مەولەوی:

ئازیز وە مەرگت، دڵ نەخرۆشەن
ئارەزووی خەدەنگ، پەنجەکەی تۆشەن
خەیلێوەن ئامان نیرەکەت، ئامان
ئامان وەسەر وەخت، بیمار زامان
وەختەن ساکن بۆ، قوربان ساتیرێ
دەماخش بەرزن، دەخیل زنجیرێ
نەواجە حیکمەت بەر بشۆ وە بەر
جار جار وە تیرێ دڵ نەواییش کەر



وەش وەش تای توغرای وێت بنمانە پێش
با هەر ناسۆر بۆ، زوو نەبۆ سارێش

گۆڕینی یەکەمی پیرەمێرد:

ئازیز دڵەکەم کڵۆکۆیەتی
ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی
دەمێکە تیری تۆی لێ بڕاوە
برینی کۆن بوو، ئێشی نەماوە
لووتی زۆر بەرزە، سا قوربان تیرێ
پەل ئەبزێوێ ئامان زنجیرێ
بە تایەکی زوڵف زوو مەهارێکە
بەتیرێکی تر کۆڵەوارێکە
تا توڕەی زوڵفت بکە بەدامی
با سارێژ نەبێ، ناسۆر بێ زامی

گۆڕینی دووەم:

گیانە، دڵەکەم، کۆڵوکۆیەتی
ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی
دەمێکە گیڤەی تیرەکەت نایە
چیبکەم ژیر نابێ بەلایە لایە
بەستوومەتەوە بەهەوا بەنێ
بەملاو بەو لادا، هەروا مل ئەنێ
من وام ئەزانی کە دڵ پیر ئەبێ
ئەگەڕێتەوە، لای من ژیر ئەبێ
کەچی ناسرەوێ ساقوربان تیرێ
زۆر سەرەڕۆیە ئامان زنجیرێ
تاو تاو توڕەی تای پیشاندە تار تار
لووتی زۆر بەرزە بۆی بکە بەمەهار

***

## ئەپرسی چۆنن

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٦، ١٧٧ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاوکراوەتەوە

بەشیعری پیرەمێرد دانراوە.

شیعرەکە چوار بەیتە. بەڵام لە (کەشکۆڵی قزلجی مامۆستا نەجمەددین مەلا)دا لە لاپەڕە (٨٨)ی بەشی شیعرەکانی مەولەویدا، بەشیعری مەولەوی دانراوە. مامۆستا تەنها ڕۆحەکەی نووسیوە، واتە گۆڕینەکەی پیرەمێرد. هەورامییەکەی مەولەوی نەنووسیوە، دیارە شارەزایەکی وەک نەجمەددین مەلا هەروا لە خۆیەوە ئەم شیعرەی بەشیعری مەولەوی دانەناوە و ئێمەش کە تەماشای شێوە و ڕێبازی شیعرەکەمان کرد ڕاست بۆ ئەوە چووین کە شیعری مەولەوییە، ئێمە گۆڕینەکەی پیرەمێرد لە ڕۆشنایی دەستنووسەکەی مامۆستا نەجمەددین مەلادا دەنووسینەوە هەتا دەقەکەی مەولەویمان دەست دەکەوێت، وە چەند جیاوازیەک لە نێوان شیعرەکەی لای نەجمەددین مەلا و دیوانەکەی پیرەمێردی مامۆستا (هاوار)دا هەیە. هەردوو دەقەکە دەنووسین:-

## ئەپرسی چۆنن

مامۆستا (نەجمەددین مەلا) شیعرەکەی لەژێر ناوی (خەیاڵێکی ورد)دا نووسیوە:

«ئەپرسی، چۆنن، لەش و دیدە و دڵ
دڵ، ژێر بڕۆتی کردووە بەمەنزڵ
تو خوا لێی گەڕێن، لە سۆز و تابدا
زاری پەسەندە، لەژێر میحرابدا
فرمێسکی دیدەش، بەسەر بەدەندا
هاژەی کرد، لافاو، دەستی پێ بەردا
گڕ، هاژەی دڵت، داچڵەکێنێ
هەرەس، زۆر سەنگی، سەخت ئەجوڵێنێ

شیعرەکە -لەدیوانی پیرەمێردی م.هـ دا:

«ئەپرسی، چۆنن، لەش و دیدە و دڵ
دڵ، ژێر بڕۆتی کردووە بەمەنزڵ
تو خوا لێی گەڕێ، لە سۆز و تابدا
دوعا، گیرایە، لە ژێر میحرابدا
چاویش لافاوی، فرمێسک زۆری سەند
پێڵووی گلێنەی، لە ڕیشە هەڵکەند
هاژەی ئەو، دڵت، دائەلەرزێنێ
هەرەس زۆر بەردی، قورس ئەجوڵێنێ

***



# ناسینەوەی شیعرەکانی وەلی دێوانە لە شیعرەکانی پیرەمێرددا

### ١- هەی نائومێدی:

ئەم شیعرەی وەلی دێوانە و هەردوو گۆڕینەکەی پیرەمێردمان لەم دیوانەدا نووسیوە و بەراوردمان کردووە لەبەر ئەوە بەپێویستمان نەزانی دووبارە لێرەدا بینووسینەوە.

### ٢- بایەقوش ناڵان:

ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاوار دا لەلاپەڕە ٢٠٣، ٢٠٤ دا بڵاوکراوەتەوە تەواوی شیعرەکە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە و بەناوی (تاق تاق کەرە)وە چاپکراوە. بەڵام لەڕاستیدا شیعرەکە دوانزە بەیتە و دوو بەشە. بەشێکیان شیعری پیرەمێردە و بەشێکی گۆڕینی چەند بەیتێکی شیعری (بایەقوش ناڵان)ی وەلی دێوانەیە.

بەیتی یەکەم و دووەم سێیەم و حەوتەم و نۆیەم و دەیەم و یانزە و دوانزە واتە هەشت بەیتی پیرەمێردە. بەیتی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و هەشتەم شیعری وەلی دێوانەیە. واتە چوار بەیتی وەلی دێوانەیە.

لێرەدا ئەو چوار بەیتەی شیعرەکەی (وەلی) بەشێوەی خۆی دەنووسینەوە و تەواوی دوانزە بەیتەکەی شیعری دیوانەکەی پیرەمێردیش بەرانبەری دەنووسین هەتا خوێنەر وەرگرتنەکەی تەواو بۆ ساغ بێتەوە. پێویستە بڵێین ئەم دێڕانەمان لە دیوانی (وەلی - عوسمان هەورامی) وەرگرتووە و بەڕێزیان لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ٩٥ دا ئاماژەیان بۆ ئەم وەرگرتنە کردووە.

«من خێڵ شادیم شەخسێ کەرد تاڵان
تۆ چێش پێت ئامان، هامدەرد ساڵان!
من پەروانەی شەوق، شەم جەماڵێکم
کوشتەی نیگای ناز، سۆسەن خاڵێکم
ناڵەم جە سوکن، سەودای ئەو یارەن
دڵم جە دووری ئەو بێ قەرارەن
من سفتەی سۆزان شوڵەی ئەو نوورم
بەڕۆ هەراسان بەشەو دەیجوورم»

دیوانی وەلی دێوانە ئامادەکردنی عوسمان هەورامی ل ٢٩ ساڵی ١٩٧٦

***

## تاق تاق کەرە

١٩٤٥

تاق تاق کەرەکەی، سەرداری کانی
بۆچ ئەناڵێنی، هەتا بەیانی
هیچ کەس ناتوانێ، تا ڕۆژ بناڵێ
مەگەر عاشقی، سەودایی خاڵێ
ئەوا من دیارە، بۆ یار ئەناڵم
تۆ پەیجۆری کێی، هاوار بەماڵم
«من گەنجی شادیم جەردەیەک بردی
تۆ چیت لێ قەوما ، کێ وای لێ کردی»
«من ڕوخسارێکی وێنەی شەمم دی
دەردی پەروانەم لێ هاتۆتە دی»
«ناڵەی من لە شەوق ئەو ڕوخسارەیە
ئاهم لە دووری ئەو دیدارەیە»
تۆ کێ دەروونی وا هەڵقرچاندووی
کام کافر[1] وا بەم دەردەی گەیاندووی
«من سووتاوی ئەو ، شوعلەو ئەو نوورەم
دێوانەی جەزبەی، ئەو کێوی (طوور)ەم»
موسا (أرنی)ی وت، کەوتە تکا
بە (لن ترانی) ئابڕووی تکا
منیش تەمەنای، دیدارم ئەکرد
لە جیاتی دیدار، ئەم عەشقەم وەرگرت
دیارە من و تۆ هەردوو هام فەردین
هەردووکمان وەک یەک، تووشی یەک دەردین
وەرە هەردووکمان، ناڵەمان یەک خەین
بەڵکو بەم عەشقە، نیشتمان سەرخەین

(١) لای م.هـ نووسرابوو (کام بەفر وا بەم دەردەی گەیاندوی) کەدیارە وشەی بەفر هەڵەیە و –کافر ڕاستە.

***

٣- هەروەها پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا گەلێ جار بەیت یاخود نیوە بەیتی وەلی دێوانەی



بەکارهێناوە یاخود بیری عەشقی ڕۆحی لێ وەرگرتووە و لە شیعری خۆیدا وەستایانە تواندوویەتیەوە.

***

## شیرین ناوی شەم

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە (٦٠٧)ی ئابی ساڵی ١٩٤٠دا بەناوی (دەباشانیەوە) بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بریتیە لە وەرگێڕانی شیعری (بارک الله شەم)ی وەلی دێوانە. هەندێ ئاڵوگۆڕی تێدا کردووە و لە دواییشدا چوار بەیتی خۆی لە کۆتایی شیعرەکەوە بۆ زیاد دەکات و لە ماناشدا ئەو بەیتانە لە ڕەوتی مانای شیعرەکەی وەلی دوور دەکەوێتەوە و لە دڵدارییەوە دەچێت بۆ نیشتمانی. دەقی شیعرە هەورامییەکەی (وەلی) و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین. ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاونەکراوەتەوە.

### بارک الله شەم[1]

بنازوون بەو زات، خوڵقنایش چون شەم
نەقاش قودرەت، کێشانیش ڕەقەم
جەی سەر زەمینە ، وێنە و میسلت کەم
جە شەوق پێشان، نوور سوبحەدەم
قەوس ئاسمان، پێچ وەردەن چون خەم
ئەبرۆت چون کەمان، خالق ئەعزەم
خەدەنگ مەشانۆ، نە دڵەی پڕ خەم
دڵت چون ئاهو، مودبر ماس ڕەم
نیم نیگات ئەفسوون جادووی هاڕوت کەم
خەدەنگ موژگان چنگ پێکان جەستەم
بێ پەروا پێکۆ بەجەور و ستەم
زوڵفت پۆشنا ئافتاب چون تەم
وێنەی زێبایی مەسیحای مەریەم
ڕوخسار بەوێنەی مانگ چاردەهەم
دەهەن چون حوقە ، سەرچەشمەی زەمزەم
سی و دوو دندانت مرواری سەرجەم
لەب یاقوتت پیاڵەی عەجەم

خاڵت سولەیمان کەردش بە خاتەم
دوو قەندیل نوور پێش مەواچان چەم
دوو سیب سینەت، نەورەس گوڵ بەدەم
بیللا وێنەشان تاجە بەهەشت کەم
خوداوەند بەی تەور تۆش ئاردی فەرهەم
ساهەر بەی تەرزە نامش نیای شەم
بەنامت دنیا ڕەوشەنەن سەرجەم
نوتقت گیان بەخشەن، جە خواوە مەرهەم

.................................................................

(١) ئەم دەقە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.

وەرگێرانەکەی پیرەمێرد ١٩٤٠

## شیرین ناوی شەم

چەند خۆشە دایکی، ناوی ناوە شەم
ناوی خۆش مولهەم، لە لەوح و قەڵەم
دەستی قودرەتی، خوا کردی بەشەم
تا خوا سورەتی خەڵک ئەکا ڕەقەم
لە نەقشی خودا، وێنەی ئەو زۆر کەم
شەوقی تەوێڵی، نووری سوبحەدەم
قەوس و قەزەحی جەمین خەم بەخەم
کەوانی برۆی سەریان داوە هەم
دڵێ سەوداکارتر لە ترس و خەم
چاو وەک ئەو ئاسکەی بەناز ئەکا ڕەم
برووسکەی ڕۆژی من ئەخاتە تەم
برژانگ وەک تیری ئاو دراو بەسەم
جەرگی عاشقان، ئەبڕن بەستەم
زوڵفی بەعەتری گەردنی پڕ نەم
لووتی دەستکردی پڕگار و قەڵەم
سەر گۆنای وێنەی مانگی چواردەهەم
قوتووی لەعلی ئاڵ، ناویان ناوە دەم



سی و دوو مرواری لەدەمدا سەرجەم
لە پووکی کاڵا چەسپیوە مەحکەم
واتەی گیان بەخش وەک عیسای مریەم
موعجیزەیەکە، خوا کردی کەرەم
فەرمانڕەوایە لای شاهی عەجەم
خاڵی لای لێوی نوقتەی ڕووی خاتەم
لەسینەی دوو سێو تازەی گوڵ بەدەم
(مەم)کوژە، بۆیە، ناویان ناوە مەم
شیرین و بێ شیر، شیرین بۆی، سەنەم
هێشتا هیچ کەسێ نەیناوەتە دەم
باڵا نەمامی نەو توولی ئیرەم
نەمامی عەرعەر لە سوجدەی داخەم
بەخەیاڵ ناف ئاو دەزێتە دەم
بەڵام بەشێوەی ئەدەب نامەحرەم
ئەم سەراپایە، مەدحێکە زۆر کەم
لەمە بەو لاوە، نەیتوانی قەڵەم

.....................................

«من وەسڵم ناوێ، عەشقم دەبێ کەم
ئەو ناوی شەمە، من دەورەی ئەدەم
جا وەک پەروانە بۆ بێتە بەرهەم
بسووتێکم بەگڕ گیانم فیداکەم
بوو بە بەدەخشان دەباشان سەرجەم
بردی، بوو بە لەعل شیعری مولهەم
بەڵام ئاخ قەدری نازانن چی بکەم
ئاخ وڵاتەکەم، داخ وڵاتەکەم»

***

## یاران نەو بەهار(*)

پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی وەرگێڕاوە. جارێک لە ژینی ژمارە ٥٦٩ی حوزەیرانی ١٩٣٩ دا و جارێکیش لە ژمارە ٨٦٣ی مارتی ١٩٤٧ دا هەردوو جارەکە دەستنیشانی کردووە کە شیعری

(وەلی دێوانە)یە بەڵام لە گۆڕینەکەی **١٩٤٧** دا زۆری لە شیعرەکە لاداوە و گەلێ بەیت و مەبەستی شیعریی خۆی تێکەڵ کردووە. بۆ بەروارد هەر سێ دەقەکە دەنووسین:

«یاران نەو وەهار[١]،...
ئەمساڵ وە بەختم، بێ فەڕ نەو وەهار
ئاماوە دامان، کۆچ تەڵمیت بار
هەرچەند نیگام کەرد، نەدیم کۆچ یار
خێڵان گشت ئامان وە ڕیز دامان
پەخش بین وە دامان بارگەی ئیمامان
نە کۆچ یار بی، نە دەنگ یاران
وەهار وە نەم بی، وەژار ماران
هەر گوڵ بەڕەنگێ بەر ئامانە خاک
ئەوان گوڵخەندان، من دیدە نەمناک
هەر خونجێ وەنەم بی وە پەیکانێ
هەر گوڵێ وەنێش خار هیجرانێ
هەر لالێ داخین، وە سەد هەزار داخ
داخ منیان وە دڵ، حەسرەتکێشم ئاخ
سونبوڵ چون نیشتەر نێش مەدۆم نە دڵ
تێشتەرەن جەخار نە پام بەگ گوڵ
نەرگس مەوینۆ، ئەندووم بەرز مەبۆ
ئاهر وە جەستەم، قەقنەس تەرز مەبۆ
سۆسەنان زوان تانە کێشان لێم
جە داخ دووری دوور وەڵات وێم
سەیر چەمەن پێم چون ژار مارەن
هەر ئێد مەژنەون قاچان وەهارەن
پەی چیش! جەدووری شای (شەم) جەمینم
هاوەختەن بەرشو، گیان شیرینم
یاران، هامسەران، ساچۆن مەبۆ چوون
من(طەبەس)جامەن، شەم کۆت ئەو سەر توون

.......................................................................

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.



* ئەم شیعر و وەرگێڕانە لە دیوانی پیرەمێردی م. هـ دا بڵاونەکراوەتەوە.

وەرگێڕانی **١٩٤٧**

یاران نەو بەهار
ئەمساڵ وە بەختم، بێ فەڕ نەوبەهار
زەوقی زیندەگیم بوو بەژاری مار
دنیا جەدیدەم چۆڵ و تەنگ و تار
هەر گوڵ بەڕەنگێ، سەرکێشا لە خاک
ئەوان گوڵ خەندان دیدەی من نمناک
هەر خونچە بۆ من، بوو بەپەیکانێ
پەڕەی هەر گوڵێ، خاری هیجرانێ
هەر لالە داخێ بەسەد هەزار داخ
داخی نا لە دڵ حەسرەتکێشم ئاخ
گوڵی نەورۆز و لالە و گەزیزە
سووریان بەخوێن جەرگی ئازیزە
من ئەمساڵ بەهار شادیم ناشادە
نەورۆزم ناوێ ڕەنجم بەبادە
ڕۆڵەی شیرین و گشت هاوەڵانم
تەفر و توونا بوون وەک خەیاڵانم
بەهاری وەی تەور ئێڵم لێ دووربێ
لەناو جەرگمدا گڕی تەندوور بێ
سەد خۆزگەم بەساڵ نەو بەهار پار
لەگەڵ گەل و خوێش سەیرانی گوڵزار
بەهاری ئەمساڵ جەستەم پەشێوە
چەوتە کارەکەم، نایێ لە ڕێوە

وەرگێڕانی ساڵی **١٩٣٩**

یاران نەوبەهار،...
ئەمساڵ لە بەختم، بێ شەوقە بەهار
هاتنە خوارەوە، کۆچی بارگەدار
هەر چەندە ڕوانیم نەمدی کۆچی یار

خێڵان هاتنەوە گەیینە گەرمیان
بەزین لە دەوری دوانزە ئیمامان
نە کۆچی شەم بوو نە شێوەی ئەو یار
عەیشی بەهارم بوو بەژاری مار
گوڵ سەری کێشا لە توێی پەردەی خاک
گشت گوڵێ خەندان دیدەی من نمناک
هەر گوڵ خونچەیە بۆ من پەیکانێ
هەر پەڕەی گوڵێ دڕکی هیجرانێ
هەر گوڵاڵەیەک داخێ بۆ دڵم
هەر هەورێ بەرقێ لە ڕووی مەنزڵم
نەرگس ئەبینم چاوم کوێر ئەبێ
حەڵوای گوڵە زەرد لەلام سوێر ئەبێ
سەوسەن زبانی تانە ئەکێشێ
بەبۆنی سونبول سەرم دەئێشێ
سەیری چیمەن لێم وەک نەقسی مارە
هێندە ئەزانم ئەڵێن بەهارە
چونکو لە دووری شای شەم جەمینم
هەر وەختە دەرچێ گیانی شیرینم
وێنەی پەژارەی مەبعوسی مەئیوس
بەگریانەوە کەوتمە هەردەی طوس
هیوامان کەوتە بەهارێکی تر
زستان دەست ئەژنۆ، نیشتەی گوێ ئاگر
هەر ئەوەی چاکە بەئومێد ئەژین
ئومێد نەمێنێ ئێمەش وا نابین

***

## نازداری جافان

پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم شیعرەی وەلی دێوانەی وەرگێڕاوە. چوار بەیتی دوایی شیعرەکە هی پیرەمێردە. هەندێ جیاوازیش لە نێوان شیعرەکە و وەرگێڕانەکەدا هەیە. جگە لەوەی کە پیرەمێرد ناوی وەلی دێوانەی نەنووسیوە و شیعرەکەی بەناوی (هەڕەمە)وە بڵاوکردۆتەوە.



ئەمەش دەقی شیعرەکە و وەرگێڕانەکەیەتی.

مەحبووب جافان[1]......

مەحبووب بێ عەیب، تایفەی جافان
سەر قەتار ڕەم، عەنبەر بۆ نافان
سەرکێش ڕەوێڵ، موشکین کلافان
ناهووی مود برماس، مەکان نە هەردە
چووزەی سونبول چەر، نەسا سڵ کەردە
خاوێر و خاڵدار (خەتا و خوتەن) ماڵ
تەتار (تایف)، شۆخ شیرین خاڵ
وەتەن نەزامەن، سەر بەرز لەیلاخ
سەیر سەر کوان، سەیادان وە داخ
چەرخ و چەم سیا، جوست و چالاک پەڕ
شەیدای شکار دۆز، چنگ وە هوناو تەڕ
لاچین شەش دانگ سەحەر جەلات خێز
شەمقاڕ تیژ باڵ تەیر توند گورێز
شەمع شاپەسەند گشت سیا یانان
نام تۆن نەبەزم خوسرەوان، خانان
بە شەوق جەمین (شەم) ڕوخسارەوە
کێت نەدا وەدەم گڕەی نارەوە
بەو قاش قەتران دڵ پێ ئێشاوە
ستوون یانەی کێت نەکێشاوە
بەو دیدەی سیای سورمەسای سێوەنگ
موژانت وەهوون کێ نەکەردەن ڕەنگ
بەو نیم نیگای ناز بەو لەنجەولارە
ئاخر جەرگ کێت، نەکەردەن پارە
بەو نیم نیگای ناز پێوار نە پەردە
ئاخر کێت نەکەرد وە ئازیز مەردە
بەو باڵای ئەو توول وە نەو ڕەستەوە
بەو کۆکۆی کلاف دەستە دەستەوە

واچە دڵی کێت نەستانان وە زوور
ئاخر یانەی کێت نە کەردەن خاپوور
من دێوانە بیم، جە داخ تۆوە
داخ نیای وەبان دەماخ جە نۆوە

---

(١) دەقی ئەم شیعرە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.

***

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد: ١٩٤٧

## نازداری جافان....

نەوەی نەو خاڵان، سەر ئێڵی جافان
سەر جەڵەی ڕەوەی عەنبەرین تافان
شەوقی پێشانی شیرین کلافان
بەو چاوە ڕەشەی دڵ پێی ئێشاوە
ستوونی ڕەشماڵ، کێت نەکێشاوە
بەنیم نیگای ئاز، قەدرت پەروەردە
ئازیز کێت نەکەرد بەئازیز مەردە
بە شێوەی شیرین شەم ڕوخسارەوە
کێت نەدا بەدەم، گڕەی نارەوە
بەو تیری دیدەی سورمەسای سیوەنگ
پەیکانت بەخوێن کێ نەکرد گوڵ ڕەنگ
بەو لارولەنجەی خەرامانەوە
کێت نەدایە خاک بەزامانەوە

.............................

«من نەمزانیبوو، تۆ وا کوشندەی
ڕیشەی جەرگ و داو زوڵفان کەشندەی
بۆ خۆم ئەڕۆیم، بەڕێگای خۆما
لە پڕ تیشکێ هات، کێشای بەڕووما
بەدەم دەردەوە، دڵم ڕاچەنی
ئاوڕی دایەوە و تیر پێم پێکەنی



تومەز دەستی خۆی لێ وەشاندبووم
دڵی بەزامی تیر ئێشاندبووم»

***

## کوچکی هەواران

١٩٤٨

پیرەمێرد ساڵی ١٩٤٨ ئەم شیعرەی وەلی وەرگێڕاوە. بەڵام شەش بەیتی خۆی تێهەڵکێش کردووە و لە شوێنی خۆیدا خستوومانە کەوانەوە. پیرەمێرد لەم شیعرەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شیعری وەلی دێوانەیە و ئەم چەند دێڕەی لە پێشەکییەکەیدا نووسیوە:-

«ڕەنگە جارێکی تریش من ئەم ناڵەی بەسۆزەی وەلی دێوانەم نووسیبێتەوە، بەڵام چونکو خۆیشم وەک ئەو داخی پشێوی ئێڵی جافم لە دڵدایە هەموو ساڵێ وادەی خێڵە و خواری ماڵە گەورە ئەم شیوەنە بۆ خۆم ئەنووسمەوە. هەر منیش ماوم بۆیان بگریم».

شیعرەکەی وەلی دەنووسین و ئنجا وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

سەنگ هەواران[١]، ...
سەنگ سیاسەنگ، سفتەی هەواران
مەلوول ماتەم، پەس مەندەی یاران
چون من هام شەریک، دەرد پەژاران
تۆ سەنگ، یەکام هەوارەن
یە پەی کێ ڕەنگت، ئازیەت بارەن؟!
سفتەی سەودای عەشق کامین نەو هاڵی
بێ دەنگ و بەدرەنگ، مات و مەلاڵی
تۆ جەداخ کێ سفتە و سۆزانی؟
پەس مەندەی هەوار کامین هۆزانی؟
ڕاس واچە هجران، کێت نە دڵ داخەن؟
جە هجران کێ بەرکت قەلاخەن!
سەنگ وات سیا، بەخت ستەمکێش خەم
پەروانەی پەشێو، دوور کەفتەی پای شەم
مەر نمەزانی، لێلاویت لێڵەن
یە ئەی جامەسکەن گوزەرگای خێڵەن
یۆرت و چراگای خێڵ جافانەن
جای عەیش و نیشات عەنبەر نافانەن

هەوارگەی ڕەوێڵ خێڵ مورادین
ماوای شەوق و زەوق زومرەی دڵشادین
من هەوار شەم شای پەروانانم
خان خاڵخاسان، سیا یانانم
پایز کۆچ خێڵ مەیان وە دامان
تەشریف ماوەران وەی زێد و زامان
من سفتەی ئەو شەوق شۆڵەی شەم چارەم
داخێن ئەو نوور سەحەر ستارەم
ئێد کەواتش پێم، سەنگ هەواران
من جە ئەو بەتەر لاڵ بیم جە زوان
زانام سفتەی شەوق ئەو شەم ڕوخسارەن
داخدار داخمای دەست ئەو یارەن
منیچ نە هیجران شای شەم ڕوخساران
هابیم وە هامڕەنگ سەنگ هەواران
تەن چوون سیاسەنگ هەواران من
پادشای خەمکێش، خەمداران من

(١)دەقی ئەم شیعرە لە دیوانی وەلی دیوانەی عوسمان هەورامی وەرگیراوە.

***

وەرگێڕانەکە:

## کوچکی هەواران(١)

سەختی بەخت ڕەش، شوفتەی هەواران
مەلولی ماتەم دوور کەوتەی یاران
وەک من هام شەریک خەم و پەژاران
تو خوا کوچکی کێی، لە کام هەواری
وا بەدوودی ئاه، سیاه خەمباری
تۆ لە داخی کێ، سوتاوی سۆزی
جێماوی ماوای، کام خێڵ و هۆزی
ڕاست بلێ داخی کێ لە دڵتایە
بۆ لەیلی کام ئێڵ بەرگت سیایە



وتی سیا بەخت، ستەمکێشی خەم
پەروانەی پەشێو، دوورکەوتووی ڕووی شەم
بۆچی نازانیت، لێلاییت لێلە
ئەم شوێنە ماوا و گوزەرگای خێڵە
شوێن ماڵە گەورەی ئێڵی جافانە
هەوارگەی پەری زوڵف گوڵانە
پاز کەم کۆچیان دێتە دوو ئاوان
دێنە لەنجە و لار نازداری باوان
«شەوقی جەماڵیان ئەدا لە ڕووی ئاو
پەری ئاسمان ئەکشێنە ژێر داو»
«کە سەر دەردێنن لە گۆشەی ڕەشماڵ
وەک مانگ لە هەورا ئەنوێنن جەماڵ(٢)»
«چەم و هەوارگە پڕ ئەکەن لە نوور
هەر چراخانە لە نزیک و دوور»
«هێشتا نەیدیوە دیدەی ئەم دەورە
زەمزەمەی عەیش و سەفا بەم (طەور)ە»
«ئەترسم (کەچ)یی چەرخی ڕۆژگار
چاوێکی پیسیان لێ بخاتە کار»
بە زبانی حاڵ بەردی بێ زبان
ئەمەی گوت منی هێنایە گریان
زانیم کە ئەویش یار و هاودەمە
وەک من پەروانەی دیداری شەمە
هەردوو بەردێکین سفتەی دڵ سەردین
هەردوو گرفتار ئێشی یەک دەردین
«پیرێکی تریش ماندەی ئەو دەورە
گشت ساڵێ ئەگری بۆ ماڵە گەورە

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.ھ دا بلاو نەکراوەتەوە.
(٢) پیرەمێرد ئەم بەیتەی لە شیعرێکی تریشدا بەکار هێناوە و سەرەتای شیعری (بەندی خاوکەری) بەو بەیتە دەست پێکردووە و دەچێتەوە سەر بەیتێکی مەولەوی.

## بێزاری هۆزان

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٣٧دا وەرگێڕاوە.

دەقی شیعرە هەورامییەکەی (وەلی) بیست و دوو بەیتە. ئەم کردوویە بەشانزە بەیت و بەیت و نیوە بەیتی خۆشی تێکەڵ کردووە لێرەدا بۆ بەراورد دەقی شیعرەکە و گۆڕینەکە دەنووسین.

وەلی:

### بێزیای هۆزان(١)

ها بیم وە مەجنون، بێزیای هۆزان
ئەگەر وە دۆزام، بەیان دڵسۆزان
مەگەر نە هەردەی نەجدم بدۆزان
ئەریاران یەکێ ئەو یادم ئاران
یا هام جەهەردان یا جە کۆساران
هەر جایە مەقام ماوای مەجنون بۆ
مەنزڵگەی مەجنون، مات و مەحزوون بۆ
ئەو مەنزڵ مەقام، ئەو مەنزڵ جامەن
ئەو ماوا و مەکان یۆرت و ماوامەن
هەر جایە خاک زەمین پەڕنەم بۆ
جە هەر کۆ کۆمای وەحشیان جەم بۆ
ئەوجا ، جای سەیلات گریان منەن
ئەو کۆ ماکۆ مای دیوان منەن
هەر سنگێ چەگیر دەس یارم بۆ
یاران هەر کەس یار خەم گوسارم بۆ
ئامانەت هەواڵ من بپەرسان چێش
مەر ئەو بواچۆ حاڵ وێڵیم پێش
ئەر بەی نیشانان نیشانەم نەبۆ
ئاسارێ جە یۆرت وێرانەم نەبۆ
تاقی بزانان بێ شەرت و شوونم
بێ سەودا جە فیکر سەودای مەجنوونم

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.



وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

بێزاری هۆزان

وا بووم بەشێتی بێزاری هۆزان
بێنە پێ و شوێنم خوێش و دڵسۆزان
مەگەر لە هەردەی نەجدم بدۆزان
ئەگەر یادم کەن دۆست و خەمخواران
یاوام لە هەردان یا لە کۆساران
هەر جێیە خاکی زەمینی تەڕ بێ
هەر گردێ (کەڵی) وەحشی لەسەر بێ
ئەویان نمناکی گریانی منە
ئەمیان کۆمەڵی دیوانی منە
ئەگەر بەم ڕەنگە نیشانەم نەبێ
نموونەی یانەی وێرانەم نەبێ
ئنجا بزانن بێ سەر و شوێنم
گەردن ئازاد بێ شەمم لە خوێنم
هەر ئۆباڵی من بەئەستۆی ئەو بێ
بەختی من هەر شەو ئەو ماهی نەو بێ

***

## یاشا لە نوێوە

پیرەمێرد ئەم شیعرەی وەلی دێوانەی لە ساڵی ١٩٣٧دا وەرگێڕاوە. دەقەکەی ٢٤ بەیتە. گۆڕینەکەی پیرەمێردیش هەر بیست و چوار بەیتە. وەک شیعرەکانی پێشوو هەندێ جار لە بەیت و واتا و نیوە بەیتدا لە شیعرەکە دوور کەوتۆتەوە. دەقی هەورامی ئەم شیعرەم لە کەشکۆڵێ (مەحموود پاشای جاف)ەوە وەرگرت، کە بەڕێز (عەلی بەگی حسێن بەگی جاف) خستیە بەردەستمان و نەک هەر ئەم شیعرەی وەلی بەڵکە بۆ زۆر دەقی هەورامی ئەو شیعرانەی پیرەمێرد وەری گێڕاون سوودمان لێ وەرگرت. وەهەر دەقێک لە کەشکۆڵەکەی پاشای (لای عەلی بەگ)ەوە وەرمان گرتبێ ئاماژەی بۆ دەکەین و بەڕاستی ئەو جۆرە پیاوە دڵسۆزانەی وەک عەلی بەگ شایانی هەموو ڕێزێکن.

## یاشا جە نۆوە

یاشا جە نۆوە،...
یاشا نەو پایز باوەر جە نۆوە

طۆف تەڕ ئەنگێز پەیدا بیۆوە
نەو نم باران بۆ وەسارا و کۆوە
بوارۆ قەترەی نەونم نە سەردا
وەکۆ کۆی کلاف پڕ نە عەنبەردا
بوارۆ سەردیی نەو پایز جەنۆ
سپی تەم پۆشۆ ساراو کەژ و کۆ
بشێونۆ زەوق شادی لیلاخان
نە بورج لەیلاخ ئێلان بۆ داخان
وەرنە گشت ئێلێ، ئێڵ مرادی
بەیان وەدامان وە زەوق و شادی
ڕەم ڕەم ڕەوێلان تەڵمیت دار جاف
پۆل پۆل قەتاران کۆی کەوتوون کلاف
بەیان وە دامان قیبڵەم جە نیشان
شادبان وە مەکان قەدیم جای وێشان
تا منیچ وەدین شای شەم جەمینم
ڕۆشن بۆ دیدەی دنیا پێ وینم
یاشا وەحاجەت شای دوڵدوڵ سوار
حاسڵ کەی مراد پەروانەی هەژار
زوو بەیۆ هەوای پایز جە نۆوە
تا دیدەم وە دین شەم شاد بیۆوە
ئەوان شاد وەزەوق، من شاد وەشەم بام
تا ساکن بەخەیر چەرخ هەفتەم بام

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

یاشا لە نوێوە،...
پایزێکی نوێ، بێنە لە نوێوە
بیکا بەتۆف و ڕەهێڵەی باران
لافاو هەڵسێنێ لە کۆهساران
باران بباریّ بەخوڕ لە سەردا
بە تۆی کلافەی پڕ لە عەنبەردا



کەژ و کۆ و سارا، بیبەستێ سەهۆڵ
نازدار کۆڵوانە، ببەستێتە کۆڵ
بشێوێ شادی و خۆشی لیلاخان
شەم و باوانی بگرین لەداخان
ئێڵی مرادی خورپەی تێ کەوێ
لە تاوی سەرما هیچ کەس نەسرەوێ
بار و بارخانەی ڕەوێلانی جاف
پۆلی پەری گەل، گشت سورمە کلاف
بێنە خوارەوە لە هەموو سەردا
بکەونە شادی و قیبلەم لە تەکدا
سا بەڵکو منیش شای شەم جەبینم
بە دیدەی دنیای ڕەوشەن ببینم
یاشا بەحاجەت شای دوڵدوڵ سوار
ڕەواکەی نیاز پەروانەی هەژار
جا بەم ڕەنگە زوو پایز بنێرە
با دیسان شەمم ببینم لێرە
هەموو ئێڵی جاف شاد بێ هەر کەسە
من تەنها نووری شەمی خۆم بەسە
***

## قیبلەکەم هەی شەم

پیرەمێرد لەساڵی ١٩٤٩دا ئەم شیعرەی وەلی وەرگێڕاوە. دەقی شیعرەکەی وەلی ١٣ بەیتە. لای پیرەمێرد بووە بە ١٨ بەیت. واتە پێنج بەیت یاخود دە دێڕی لێ زیاد کردووە. هەردوو دەقەکە دەنووسین. هەروەها وەک پێشتر نووسیمان ساڵی ١٩٤٠ دیسان ئەم شیعرەی گۆڕیوە و ناوی ناوە (شیرین ناوی شەم). تکایە بڕوانە وەرگێڕانەکەی لاپەڕە(٩٠).

باری اللە شەم،...
بنازون بەو زات خولقنایش چون شەم
نەقاش قودرەت، کێشانیش ڕەقەم
جەی سەر زەمینە، وێنە و میسلت کەم
جە شەوق پێشان نوور سوبحەدەم
قەوس ئاسمان پێچ وەردەن چون خەم

ئەبرۆت چون کەمان خالق ئەعزەم
خەدەنگ مە شانۆ نە دڵەی پڕ خەم
دڵت چوون ئاهوو مودبر ماس ڕەم
نیم نیگات ئەفسوون جادووی هارووت کەم
خە دەنگ موژگان چنگ پێکان جەستەم
بێ پەروا پێکۆ بەجەور و ستەم
زوڵفت پۆشنا ئافتاب چوون تەم
وێنەی زێبایی مەسیحای مەریەم
ڕووخسار بەوێنەی مانگ چاردەهەم
دەهەن چون حوقە، سەر چەشمەی زەمزەم
سی و دوو دندانت مرواری سەرجەم
لەب یاقووتت پیاڵەی عەجەم
خاڵت سولەیمان کەردش بەخاتەم
دوو قەندیل نوور پێش مەواچان چەم
دوو سیب سینەت نەوڕەس گوڵ بەدەم
بیللا وێنەشان تاجە بەهەشت کەم
خوداوەند بەی تەور تۆش ئاردی فەرهەم
سا هەر بەی تەرزە نامش نیای شەم
بە نامت دنیا ڕەوشەنەن سەرجەم
نوتقت گیان بەخشەن جە خواوە مەرهەم

وەرگێڕانەکە:

قیبلەکەم هەی شەم
خۆت بەشێوەی شەم ناوەکەیشت شەم
نەقاشی سروشت تا کێشای ڕەقەم
نەقشی وا نییە بۆ بێ نێشی کەم
جەبینت فەجری سپی سوبحدەم
قەوس و قەزەحی لە سەردا بۆ خەم
برۆت دوو قەوسە هەردوو سەریەهەم
دڵ و دەروونم پڕ لەخەم و هەم



دیدەت دیدەی ئاسک سڵ کردووی بەڕەم
پێچی پرچەکەت بەپێچ وەک ئەرقەم
برژانگت وەک تیر ئاودراو بەسەم
لە ئەنگاوتندا پڕ زۆر و ستەم
ئەگریجەت زوڵمات بەحەیات پڕ تەم
لوتت بەپرگار درا لە قەڵەم
گۆنات دوو مانگن حەوت حەوت چواردەهەم
دەمت نوقتەی وەهم پڕ ئاوی زەمزەم
سی و دوو ددانت جەواهیری جەم
شاباشی جلوەی موڵکی جەم سەرجەم
دەنگت ڕۆح ئەدا وەک عیسای مریەم
خوا ئەو موعجزەی پێ کردووی کەرەم
لێوت یاقووتی کانی سەر ئادەم
بۆ زامی دڵی عاشقان مەرهەم
لە ڕاستی ڕازت سەد سوبحان ئەبکەم
هەر چەند تەعریفی بکەم هێشتا کەم
خاڵت بۆ سەجعی سلێمان خاتەم
وا سلێمانت خستە ژێر قەدەم
دوو سێوی سەردەشت تازەی گوڵ بەدەم
لەسەر سنگتایە ناویان ناون مەم
سەرگەردی مەمت خاتوو زینی مەم
وەلی دێوانەت داگیر کرد لە شەم
بالآت بەئاڵ و والآ وەک عەلەم
گا لەرزان، گا لار، گا ڕاست و گا خەم
سەراپات شێوەی ڕۆژێکی بێ تەم
بە تەمی عالەم ئەخاتە ماتەم
بنازم بەسونع خەلاقی عالەم
شەمی هەڵگیرساند ناویشی نا (شەم)
***

## یاران تاریکە

وەلی[1]:

هامسەران تارەن،...
ئەمساڵ نەو وەهار نە دیدەم تارەن
زەوق زیندەگیم، چون ژار مارەن
دنیا نەدیدەم (وادی القهار)ەن
گشت عالەم نە وەخت فەسڵ نەو وەهار
شاد مەبۆ وەزەوق گوڵان گوڵزار
من ئەمساڵ وەهار شادیم ناشادبی
پەرێشان جەگشت، ڕەنجم وەباد بی
بڵبڵ شاد وەگوڵ، من ڕەنجەڕۆ بیم
ڕەنجەڕۆ جە زەوق وەهار نۆ بیم
ئەمساڵ نەو وەهار فیشتەر جە ساڵان
ڕازانش ڕەونەق ڕەنگ گوڵاڵان
هەردان هەڵەتان، ساران، هەواران
خەیمە گوڵ پۆشان خاستەر نە جاران
من هەر کا وێوە نە دیدەم خار بی
هەر سەوزێ وەنەم وە ژار مار بی
هەر چەمەن سەودای جوانیم چاخ کەرۆ
هەر لالێ سەردا، دەروون داخ کەرۆ
هەر شکۆفێ شەوق شێوەی (شەم) پێش بی
مدیە و نە پێشدا خاترم ڕێش بی
وەهارێ وەی تەور، ئەو جەلام دوور بی
چمان نەدیدەم نیش زەنبوور بی
من وەشڵەیم وە ساڵ نەو وەهار پار
هەر ڕۆسوب سەحەر مەدیام باڵای یار
وەهار ئەمساڵ پەشێو جەستەنان
دوور جە دنیا و دین ئاوات وەستەنان

..............................................................

(١) دەقی شیعرەکەی (وەلی)مان لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگرت.



وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

یاران تاریکە، یاران تاریکە
ئیمساڵ بینابیم، لێڵ و تاریکە
ڕوشتەی زیندەگیم خاو و باریکە
دڵ لە شەپۆلی خەمدا خەریکە
عالەم بەشەوقی فەسڵی نەوبەهار
کەوتۆتە سەیران چیمەن و گوڵزار
من لە بەهاردا شادیم ناشادبوو
کز و نائومێد ڕەنجم بەباد بوو
بولبول شاد بەگوڵ من ڕەنجەڕۆ بووم
ناکامی ژین و بەهاری نۆ بووم
ئیمساڵ نەو بەهار خۆشتر لە ساڵان
ڕازاندوویەوە ڕەنگی گوڵاڵان
هەردوو هەڵەت و لوتکەی هەواران
سەوز و سوور پۆشن باشتر لە جاران
من گوڵ و گوڵزار لە چاوما خار بوو
سەوزەی نەورۆزی لام ژەهری مار بوو
تەڵێ وەنەوشەم، لا سەرنگوون بوو
گوڵاڵەم لەلا داخی دەروون بوو
پەلکی یاسەمەن شێوەی شەمی بوو
ئەمدی بەحەسرەت دیدەم تەمی بوو
بەهار هات و شەم لەلای من دوور بوو
وەک پەروانەی کوێر دیدەم بێ نوور بوو
سەد خۆزگە و حەسرەت بەبەهاری یار
هەموو بەیانیان ئەمدی باڵای یار
ئیمساڵ نووری شەم نەیدا لە چاوم
دوور لە دنیا و دین نائومێد ماوم

***

## هەر من ناشادم[1]

وەلی:

هەر من ناشادم،...
گشت عالەم شادن، هەر من نا شادم
هەر من نەیاوان وەلای هەق دادم
هەر من ناموراد قاپی مورادم
هەر من بازی باز، نەردەن نە بارەم
هەر من ڕای شەش دەر، بەندەن نەچارەم
هەر من ناسازەن، فەڵەک وەبەختم
هەر من گیرۆدەی ئازار سەختم
هەر من چەرخ چەپ چەنیم وەقینەن
هەر من تاڵەم پەست خاک زەمینەن
هەر من ستارەم سیابی نەسەر
هەر من فریشتەم، کەفتەن دەربەدەر
هەر من ئیقباڵم خاوێر و خەفتەن
هەر من نەڕووی ئەرز ڕای ڕاسم چەفتەن
هەر من خەمیدەی، دەور گەردوونم
هەر من جورعەنۆش جام مەجنوونم
هەر من پەروانەی پەشێو حاڵ جەستەم
هەر من پەڕ سفتەی خەمناک و خەستەم
هەر من چون بڵبڵ یەک فەسڵم وەسڵەن
هەر من سێ فەسڵ عەمرم بێ ئەسڵەن
هەر من ڕۆی ڕەوشەن وەدیدەم تارەن
هەر من زیندەگیم چون ژار مارەن
هەر من گرفتار جەور عازاوم
هەر من پەرەی دۆست دیدە لێلاوم
هەر من سزاکێش دوود داخانم
هەر من چەمەرای ڕای لەیلا خانم
هەر من پەرەی دۆست لەیلاخ نشینم



ها وەختەن بەرشۆ گیان شیرینم
تا ئەوڕۆ کە خێڵ مەیان وەدامان
من هام نەسزا و جەور بێ سامان
هەر موشکل گوشاد بدۆم مرادم
وەرنە تا مەردەن خاتر ناشادم

........................................................................

(١) دیوانی وەلی دێوانە، عوسمان هەورامی - لاپەڕە ٧٩ .

***

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

هەر من ناشادم، هەر من ناشادم
هەموو کەس شادە، هەر من ناشادم
هەر من ناگاتە لای خوا دادم
هەر من نائومێد قاپی مرادم
هەر من یارەکەی بەختم تۆراوە
هەر من شەش دەری نەردم گیراوە
هەر من وا چەوتە فەلەک بەبەختم
هەر من گیرۆدەی عەزابی سەختم
هەر من چەرخی چەپ وا لێم بەقینە
هەر من ناڵە سەخت جێگەم زەمنیە
هەر من ئەستێرەم ڕەشە سەربەسەر
هەر من فریشتەم وێڵە دەربەدەر
هەر من ئیقبالم شوێن نەهات کەوتە
هەر من سەرگەردان ڕێی ڕاستم چەوتە
هەر من گەرد و خول ڕێی توونا و توونم
هەر من بادەنۆش جامی مەجنوونم
هەر من وەک بولبول وەسڵم یەک فەسڵە
هەر من سێ فەسڵەی عومرم بێ ئەسڵە
هەر من هەراسان پای هەردە و توونم
هەر من لە یاری خەم سەرنگوونم

هەر من بەپەرداخ وێڵی داخانم
هەر من چاوەڕوان ڕێی ئێلاخانم
هەر من بەبێ دۆست ئێلاخ نوشینم
نزیکە دەرچێت، گیانی شیرینم
تا ئەو ڕۆژەی خێڵ ئەگەڕێتەوە
من دەرگای شادیم لێ ناکرێتەوە
مەگەر خوداوەند بدات مرادم
ئەگینا هەتا مەحشەر ناشادم

***

## هەی شەمی شەوان(١)

وەلی:

هەی شەمی شەوان،...
هەی شەم پڕ شەوق، چل چرای شەوان
هەی زیندەگی من، هەی ڕۆح ڕەوان
هەی مەردومەک دیدە بێ خەوان
هەی ئاهووی مودبر نە سایە سڵکەر
هەی هەوای بەرز لەیلاخان نە سەر
هەی عەنبەرین خاڵ سۆسەن کلاڵف
هەی ڕۆشنایی سیامالڵ جاف
هەی من پەروانەی پەڕ نە تاو تۆ
هەی من گیرۆدەی زوڵف خاو تۆ
تۆ جارێ نامای وە سەر وەخت من
گۆش نەدای بەئاه، زام سەخت من
نە پەرسای داخۆ من پەی تۆ چوونم
بێ باک بای جەتێن قرچەی دەروونم
هەوای لەیلاخان دەماخ کەردی شاد
بەخوا حەیفت کەرد منت شی جە یاد
بێ مروەتیت کەرد ئەی شەم دەربارەم
من پەی تۆ قەیس سیا ستارەم



وادەی من و تۆ دیوان خوا بۆ
مەر من جەو دیوان دادم ڕەوا بۆ
وەرنە هائیسە تۆم بەسلامەت
با ئەی هەق مانۆ تا ڕۆی قیامەت

..........

(١) دیوانی وەلی دێوانە، عوسمان هەورامی لاپەڕە ٨٣ .

وەگێڕانەکەی پیرەمێرد:

هەی شەمی شەوان، هەی شەمی شەوان
هەی شەمی بەشەوق چل چرای شەوان
هەی زیندەگی من، هەی ڕۆحی ڕەوان
هەی گلێنەکەی دیدەی بێ خەوان
هەی وەک بەختی من سەرگەشتەی سارا
هەی زوڵف پڕ لە بۆن عەنبەرین سارا
هەی ئاسکی سرکی لە سێبەر سڵکەر
هەی هەوای بەرزی ئێلاخان لەسەر
هەی عەنبەرین خاڵ سۆسەنی کلاڵف
هەی ڕووناکایی ڕەشمالانی جاف
هەی من پەروانەی پەڕسووتاوی تۆ
هەی من گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆ
تۆ جارێک نایەی بەسەر وەختی من
گوێ ناگری لە ئاه، زامی سەختی من
ناپرسی ئاخۆ، من بێ تۆ چۆنم
بێ باکی لەتین قرچەی دەروونم
هەوای کوێستانت وا بۆ بووەوە
حەیفت کرد منت لەبیر چووەوە
بێ مروەتیت کرد ئەی شەم دەربارەم
من بۆ تۆ قەیسی سیاه ستارەم
وەعدی من و تۆ دیوانی خوا بێت
مەگەر ئەو ڕۆژە دادم ڕەوا بێت

ئەگینا ئێستا تۆ بەسەلامەت
وا ئەم هەقەی من کەوتە قیامەت

***

## یاران لە جەرگم

لە دەقی هەورامی شیعرەکەی وەلی دێوانەدا شیعری (یاران لە جەرگم و یاران وەسیەتم ئەمە بێ لاتان)، یەک شیعرە. بەڵام بەهۆی نەشارەزاییەوە لە دیوانی وەلی دێوانەی (مەحمود خاکی و.س.ع. شادمان)دا کراوە بەدوو شیعر. لێرەدا دەقی ڕاستی شیعرەکە و گۆڕینەکەی پیرەمێردیش دەنووسینەوە.

## یاران نە جەرگم(١)

یاران نە جەرگم،......
تیر (شەم) ئەمشەو دریا نە جەرگم
بەو خەدەنگ ئاما ، ئاکام مەرگم
شەهیدم کەفەن مەکەن وە بەرگم
شەهید وەبێ غەسل، بێ کەفەن خاسەن
هەر کەس شەهیدەن، هون بێ قەساسەن
تەنیا بەهون زام جەرگەوە
بسپاردێم وە خاک هون وە بەرگەوە
با بەو ئەندام گوڵ ڕەنگیمەوە
پەروانە ئاسا بێ دەنگیمەوە
شوشتەن نەگێڵنو هون زامانم
بەی تەور پەسەند گشت شەهیدانم
بەڵام وەسیەتم ئێدەن جەلاتان
هەر چەند کەفتەنان دوور وەڵاتان
با گڵکۆم تەنیا ، جە ڕای خێڵان بۆ
نزیک هەوارگەی سەر ڕەوێڵان بۆ
میلێ بەئەنداز، بەژن و باڵای شەم
بنیەن جە فەرقم، بەبێ زیاد و کەم
تاقێ بەوێنەی، تاق برۆی ئەو
کە سوجدەگاه گیانم بۆ بەشەو



بنویسن بەهون جەرگ سەر کەردەم
کەمن بەتیر شەست شەم مەردەم
پەی چێش ئەو شەمە تاتار چینەن
جە زێد بێزارەن، جەبەڵ نشینەن
بەڵکم ئەو قیبلەم جە ڕاگوزارێ
ڕاش گنۆ، وە سەر گڵکۆی من جارێ
بزانۆ زەدەی شەست وێشەنان
داخ وە گڵ بەردە، حەسرەتکێشەنان

........................................................................

(١) ئەم دەقە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

یاران لە جەرگم، یاران لە جەرگم
تیری شەم ئەمشەو، درا لە جەرگم
بەو تیرە گەییمە ئاکامی مەرگم
شەهیدم کفن مەکەن بەبەرگم
من ئەو شەهیدەم بوومە پێناوێ
ئەوی شەهیدە کفنی پێ ناوێ
هەروا بەخوێنی زامی جەرگەوە
بمنێنە ژێر خاک، خوێن بەبەرگەوە
با بەو ئەندامەی گوڵ ڕەنگیمەوە
پەروانە ئاسای بێ دەنگیمەوە
شتن نەیگۆڕێ خوێنی زامانم
بەوە پەسەندی ناو شەهیدانم
بەڵام وەسیەتم ئەمە بێت لاتان
هەر چەند کەوتوومە دوورە وڵاتان
تەنیا گۆڕەکەم لەڕێی خێڵان بێ
نزیک هەوارگەی سەر ڕەوێڵان بێ
کێلێکی بەرزیش بەقەت باڵای شەم
لە ژوور سەرم بێت بێ زیاد و بێ کەم

تاقێکیش وێنەی تاقی ئەبرۆی ئەو
کە سوجدەگاهی گیانم بێت بەشەو
بنووسن بەخوێن جەرگی سڕ کردووم
کە من بەتیری دەستی شەم مردووم
چونکە ئەو شەمە تاتاری چینە
لە دەشت بێزارە هەوار نشینە
بەڵکو هەڵکەوێ لەڕێ گوزارێ
ڕێگەی بخاتە سەر گۆڕم جارێ
بزانێ کوشتەی دەستی خۆیەتی
لە خاکا مەیلی ڕەنگ و بۆیەتی
جوابی سوئالی گۆڕیشم وایە(١)
دیاری مەحشەرم شۆڕی لەیلایە

(١) ئەم بەیتە لە دەقی شیعرەکەی (وەلی)دا نییە. دیارە کە شیعری (پیرەمێرد)ە.

***

## یاران مەجنوونم(١)

یاران مەجنوونم،...
دێوانە، واریس قەومی مەجنوونم
ئاخکێش زۆخ نۆش زام نە دەروونم
وێنەی مەجنوون وێڵ ئاوارەی توونم
ئەوڕۆکە مەجنوون زۆخ زام قنیات
جورعەی ئەجەل چەشت، شی نەرۆی مەمات
من کەرد بەوارس، خاس و کەست وێش
گشت وە من سپەرد، هەرچی ئاما پێش
خەم چەنی هجران، پەژارە و خەیاڵ
ئاخ و داخ و دەرد، دڵگیری مەلاڵ
وێڵی و چوڵ گەردی و سەرگەردان سەر
سەودا و سیاسەت یەک جە یەک بەتەر



بێ خوردی ڕۆوان، بێ خاوی شەوان
ڕەفیق زومرەی دەیری سەر کوان
شین و واوەیلا و زام پەڕ نەسۆ
فەریاد نەبەرد، ئێش کۆنە و نۆ
یەک یەک جەم کەردم، تەمام سەراسەر
ئەو وەهون دڵ، نویشت وە دەفتەر
وات من مەجنوونم، تۆ دێوانە بە
هامڕای وەحشیان بیدیانە بە
ئاڵەم گشت تەمام یەکسەر مزانۆ
کەس نە بیش تاقەن جای ئەو بسانۆ
من کەردم حەرام جە وێم خورد و خەو
هابیم وە وارس، نیشتام نەجای ئەو
بەڵێ خەمم هەن ئەی دنیای فانی
هەم فانی کەرۆ مەجنوون سانی
فرۆزان دەور دنیا پاماڵ بۆ
وەبێ من یاگەی مەجنون بەتاڵ بۆ

(١)ئەم شیعرەی وەلی چواردە بەیتە. بەڵام لە وەرگێڕانەکەی پیرەمێرددا بووە بەهەژدە بەیت، دیارە کە چوار بەیتی لێ زیاد کردووە و هەندێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها دەقی هەورامییەکە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

## یاران مەجنوونم

یاران مەجنوونم، یاران مەجنوونم
دێوانە و واریس، قەومی مەجنوونم
ئاخکێشی زووخ نۆش زامی دەروونم
وەک مەجنوون وێڵ و ئاوارەی توونم
مەجنوون خەفەتی، کرد بوو بەقنیات
پیاڵەی مەرگی چەشت کەوتە ڕووی مەمات
شێتی و خەمباری و مەحرومی ویساڵ
دای بەمن بەئیرس کردی بەهاوحاڵ

خەم و هیجران و پەژارە و مەلاڵ
ئاخ و داخ و دەرد، پەشێوی خەیاڵ
وێڵ و چۆڵگەردی و بەڵای ئێخەگر
سەودای سیاسەت یەک لەیەک بەدتر(١)
ئادابی مەینەت جەفای ڕۆژگار
کزە و سۆزە و تاو دڵەی بێ قەرار
برسێتی ڕۆژان، بێ خەوی شەوان
فرمێسکی دیدەی وەک ئاوی ڕەوان
شین و واوەیلای زامی هاتووە سۆ
هاواری ئازار زامی کۆنە و نۆ
گردی کردەوە یەک یەک سەراسەر
بە خوێنی دڵی نووسییە دەفتەر
دای بەمن وتی، جێنشینم بە
لەسەر ئەم ئیرسە تۆ ئەمینم بە
ئێستا مەجنوون مرد من لە جێی ماوم
زۆری عەشقی خۆم ئەمەی پێداوم
زۆرکەس هەوڵی دا، کەس لایەق نەبوو
هیچ کەس بەدڵیی پاک عاشق نەبوو
خەو و خۆراکم لە خۆم حەرام کرد
لەگەڵ چەپگەردی چەرخا دەرم برد
تاکو ئەم فیزەم لەوەوە دەست کەوت
قابیلیەتی، جنوونم بەرکەوت
ئای مەجنوون ڕۆحت بەجەنتەت شاد بێ
چاکەی تۆم تا مەرگ ئەبێ لەیاد بێ
بەڵام ئەترسم ئەم دنیای فانی
هێندە نەژێنێ مەجنوونی سانی
سەدای جنوونی پەی دەربەدەر بێ
جگەر گۆشەکەم، ئاه دەربەدەر بێ



..........................................................

(١) لەو نیوە بەیتەدا بەئاشکرا دیارە کە چۆن پیرەمێرد ویستوویەتی بەهۆی شیعری دڵداری وەلییەوە مەبەستی سیاسی خۆی دەربڕێت.

***

## ئۆف بریندارە

بەلای منەوە ئەم شیعرە، ئەوەندە ئوسلوب و واتای پیرەمێردی تیایە ڕەنگە شیعری پیرەمێرد بێت و لاسایی وەلی دێوانەی کردبێتەوە. جگە لەوەی لە هیچ لایەکەوە دەقی هەورامییەکەی ئەم شیعرەی وەلی چنگ ناکەوێت و تەنها ئەوەی پیرەمێرد تا ئێستا لە ئارادایە.

## ئۆف بریندارە

ئۆف بریندارە، ئۆف بریندارە
تۆی جەرگی منە، وا بریندارە
هەر چاوی منە، لە خەو بێزارە
هەر دڵی منە پڕ لە هاوارە
هەر ئاهی منە سەمای گرتووە
سەقفی گەردوونی کون کون کردووە
هەر نالەی منە دنیای بێزران
ناقووسی دێری بەشیوەن زڕان
شیوەنی منە بەکەژ و کۆوە
دەم بەهاواری لەیل و ڕۆڕۆوە
تا ئەو ڕۆژەی خێڵ دێتە خوارەوە
ڕووی شەم ئەبینم لە کەنارەوە
هەروا سەرشێت و خوێنینە بەرگم
لە هیجرانی شەم حەسرەت بەمەرگم

***

## چۆڵ نشینە خۆم(١)

وەلی:

چۆڵ نشین وێم،......
چون قەیس مەجنوون، چۆڵ نشین وێم

بەخت سیا و شووم، دڵ خەمین وێم
مەحرووم دیدار، دنیا و دین وێم
ئەرامەندەی دەور، بێ ویانە وێم
ڕەفیق وەحشی، وێران یانە وێم
پابەست زنجیر، مەکر لێوە وێم
سەرسام و سادار زەدەی دێوە وێم
دوورکەفتەی وەتەن هەراسان وێم
مەحرووم مەجلس گشت خاسان وێم
سەرتاپا سفتەی گڕەی نار وێم
دڵ پارەی قولاپ نێش یار وێم
قامەت خەمزەدە، ڕسوای عام وێم
شەیدای بێ هۆش و عەقڵ و فام وێم
وەتیر تانەی ناکەسان وێم
دۆساخ هەردەی کوردەستان وێم
مەحبووس زنجیر خەیاڵان وێم
ڕووزەرد دیوان هامسەران وێم
گیرۆدەی مەینەت دڵگران وێم
بێ قەدر و قیمەت جە لای ناس وێم
تەن لوخت عوریان بێ کراس وێم
گیرۆدەی فەرەنگ تازە دیل وێم
کەشتی شکستەی بەحر نیل وێم
مایە لاو بەردە، بێ هاوماڵ وێم
دڵ سیا قەقنەس، کۆی زوخاڵ وێم
شەرمەندەی عەشرەت سەر ئەڤگەندە وێم
ڕووسیای دەرماڵ خودا و بەندە وێم

..............................................

(١) ئەم دەقە لە دیوانی وەلی دێوانەی عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە.



وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

چۆڵ نشینە خۆم، چۆڵ نشینە خۆم
چوون قەیسی مەجنوون چۆڵ نشینە خۆم
بەختی سیا و شووم دڵ خەمینە خۆم
مەحروومی دیدار دنیا و دینە خۆم
ئارەمندەی دوور بێ دیانە خۆم
ڕەفیقی وەحشی وێران یانە خۆم
سەرسامی سادار زەدەی دێوە خۆم
پابەستی زنجیر مەکر و ڕێوە خۆم
دوور کەفتەن وەتەن هەراسانە خۆم
مەحروومی مەجلیس گشت خاسانە خۆم
سەرتاپا سفتەی گڕەی نارە خۆم
دڵ پارەی قولاپ نێشی پارە خۆم
قامەت خەم زەدە ڕیسوای عامە خۆم
شەیدای بێهۆشی عەقڵ و فامە خۆم
وە تیری تانەی ناکەسانە خۆم
دەستاخی هەردەی کوردستانە خۆم
مەحبووسی زنجیر، خەیاڵانە خۆم
مایەی فیکر و هۆش وە تاڵانە خۆم
ڕووزەردی دیوان هام سەرانە خۆم
گیرۆدەی مەینەت دڵ گرانە خۆم
بێ قەدر و قیمەت جەلای ناسە خۆم
تەن لوختی عوریان بێ کراسە خۆم
گیرۆدەی فەرەنگ تازە دیلە خۆم
کەشتی شکستەی بەحر نیلە خۆم
مایەی لاوبردە بێ هاوماڵە خۆم
دڵ سیا قەقنەس کۆی زوخاڵە خۆم
شەرمەندەی عەشرەت سەر ئەڤگندە خۆم
ڕووسیای دەرماڵ خودا و بەندە خۆم

## پەری ڕەشماڵان

ناونیشانی دەقی ئەم شیعرەی وەلی (شای سیا یانان)ە. لە وەرگێڕانەکەی (پیرەمێرد)دا بووە بە (پەری ڕەشماڵان) شیعرەکەی وەلی دە بەیتە و وەرگێڕاوەکە نۆ بەیتە.

### شای سیا یانان(١)

شای سیا یانان، شای سیا یانان
شۆخ شیرین شەوق، شای سیا یانان
(شەم) شیفا بەخش، شادی پەروانان
سەرکێش ڕەوێڵ، دیدە قەترانان
تەتار (طایف)، تایفە تەتار
سپی ماس سڵ، سوب نەسەر قەتار
ڕاز ڕێزەی نەبات، ڕەند ڕەوێلان
ناز و نەزاکەت، نازدار خێلان
جەیران چەڕیدە وەردەیی لەیلاخ
دڵگیران وەدەرد سەیادان جەداخ
ئاهوی گەرمەسێر، هەردە و هەڵەت دەیر
شاهین شەش دانگ، شۆخ دیدە تەیر
داخێ تۆ نیای وە ڕیشەی جەرگم
سارێش نمە بۆ تاوەڕۆی مەرگم
من ناشی سەیاد، تۆ صەید قۆچاخ
بەرشیت جەدەستم، سەد جار ئاخ و داخ
مەرهەم خوداوەند کەرامات بێ شۆ
ئەم جار شاد کەرۆ دیدەی من بەتۆ
وەرنە من صەیاد سەرگەشتەی سارام
جەداخت تا مەرگ جەهجران دارام

(١) دیوانی وەلی دیوانە، عوسمان هەورامی لاپەڕە ٥٦

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

پەری ڕەشماڵان، پەری ڕەشماڵان
ئەستێرەی گەشی بورجی ڕەشماڵان



شەمی شیفا بەخش شایی پەریان
دەلیلەی قەتار، دیدە قەترانان
ڕاز وێنەی نەبات ڕەندی ڕەوێلان
ناز و نەزاکەت، نازداری خێلان
حەیرانی هەردەی پەروەردەی ئێلاخ
عاشقانت پڕ دەرد، ڕاوکەران بەداخ
ئاسکەکەی گەرمیان هەردە و هەڵات سەیر
شاهێنی شەش دانگ، شۆخی دیدە تەیر
داخێ تۆ ناوتە لە ڕیشەی جەرگم
سارێژ نابێت تا سەر وادەی مەرگم
من خەشیم ڕاوکەر تۆ چاکی نێچیر
هەر چەند هەولم دا بۆم نەهاتیە گیر
مەر ئەو خوایەی بەخشندەی کەرەم
هەرخۆی من و تۆ دڵشاد کا بەهەم
ئەگینا وا من شوێنم سەحرایە
تا ئەمرم پیشەم هەر واوەیلایە

***

## بە کۆی زوخاڵ بێت

دەقی شیعرەکەی وەلی هەشت بەیتە، لە وەرگێڕانەکەی پیرەمێرددا بۆتە دە بەیت.

وەلی:

قیبلەم زوخاڵ بۆ،(١)...
یانەی باوانت، وە کۆی زوخاڵ بۆ
دایەت نابینا، زوانش لاڵ بۆ
باوە مەدەبای، شادیت بەتاڵ بۆ
هانام بەو خودای، بێ تەناف ماڵەن
ئەرجە من سەردی مەیلت خەیاڵەن
دوور جە باڵای تۆ باوانت چۆڵ بۆ
چون قەیس ئاسا و کەڵپۆس نەکۆڵ بۆ
بەی تەور بێ کەس، بای کەست نەمانۆ